**4**

سالّی یەکەم هاوینی - ٢٠٢١

سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزری و ئەدەبییە

ئەم بلاّوکراوەیە لەلایەن کۆمەلّێک گەنجی ڕونبیری خۆبەخش
سازکراوە کە هەموو مانگی جارێک بەشێوەی (pdf)
ژمارەیەک دەخاتە بەر بینایی خوێنەران.

### گەشەپێدان

- ڕاگەیاندن و دەزگامیدیاییەکان لە دۆخێکی هەستیاردان
- بەخشندانە بژین و بمرن!
- ڕۆشنبیری تەنک و ڕۆشنبیری ئەستوور

### ئەدەب-شیعر

- باران
- پەتۆی شیعر
- ماچی ئازادی

### ئەدەب-لێکۆلّینەوە


- ڕۆمانی (شکانی دونیا) ی ( بەرهە وەتمان) و چەند سەرنجێک
- شیعری کلاسیکی کوردی و تابوشکێنی

### ئەدەب-گێڕانەوە

- نزا و نهێنی
- گەنج

### دەرونزانی

- هەناسەدانی قوولّی درووست (دەستکرد)
- کاریگەریی تەماشاکردنی فیلمکارتۆن لەسەر ڕەفتاری مندالاّن






فایلێکی تایبەت بە
نووسەر و وەرگێڕ
توانا ئەمین

سەکۆی هزر
گۆڤاری ئەلیکترۆنی

## خاوەن ئیمتیاز:

دێرین کەمال چاوشین

## دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بەشەکان:

ئەحمەد زرار

ئەحمەد ستار

ڕێکان عبدالرحمان قادر

## هەڵەچن:

موختار کوردی

## بەشی هونەری و دیزاین:

سەرخێڵ عومەر

موئمین قدووس

## نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

تابین فەرەیدوون

نوری بێخاڵی

ڕابەر ئەحمەد جۆڵەمێرگی

موحەممەد عەلی خدر

ئەحمەد زرار

م. ئاران

سەهەند نالی

موختار کوردی

دێرین کەمال چاوشین

ئەحمەد ستار

ئاڤان موحەممەد بەهرۆز

سەلیم عوسمان

ڕێکان عبدالرحمان قادر

لێوان ئاسۆس سەدیق


گۆڤاری ئەلیکترۆنی سەکۆی هزر

دەتوانن لەڕێی ئەم ئیمێڵەوە بابەتەکانتان ئاڕاستەی گۆڤارەکەمان بکەن

sakoyhzr@gmail.com

# پێڕست

## پێرست

### بەرکوڵ/

### گەشەپێدان/


- ڕاگەیاندن و دەزگامیدیاییەکان لە دۆخێکی هەستیاردان / تابین فەرەیدون
- بەخشندانە بژین و بمرن! / نوری بێخاڵی
- ڕۆشنبیری تەنک و ڕۆشنبیری ئەستوور / ڕابەر ئەحمەد جۆلەمێرگی


### ئەدەب-شیعر/


- باران / موحەممەد عەلی خدر
- پەتۆی شیعر/ ئەحمەد زراز
- ماچی ئازادی / م. ئاران


### ئەدەب-لێکۆڵینەوە/


- ڕۆمانی (شکانی دونیا) ی ( بەرهە وەتمان) و چەند سەرنجێک / سەهەند نالی
- شیعری کلاسیکی کوردی و تابوشکێنی / موختار کوردی


### فایلێکی تایبەت بە نووسەر و وەرگێڕ توانا ئەمین / ئامادەکردنی **دێرین کەماڵ** چاوشین. **ئەحمەد ستار.**


- ژیاننامەی توانا ئەمین
- بەرهەمەکانی توانا ئەمین
- بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی توانا ئەمین
- گوڵبژێرێک لە تێکستەکانی توانا ئەمین
- چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە نووسین و کارنامەی توانا ئەمین
- دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ توانا ئەمین


### ئەدەب-گێڕانەوە/


- نزا و نهێنی / ئاڤان موحەممەد بەهرۆز
- گەنج / سەلیم عوسمان


### دەرونزانی/


- هەناسەدانی قووڵی درووست (دەستکرد) / ڕێکان عبدالرحمان قادر
- کاریگەریی تەماشاکردنی فیلمکارتۆن لەسەر ڕەفتاری منداڵان / لێوان ئاسۆس سەدیق

# بەرکوڵ



## بەرکوڵ

گەشەپێدانی مرۆیی و مرۆڤ

گەشەپێدانی مرۆیی، ئەو پرۆسەیە کە هەوڵ دەدات تواناکانی مرۆڤ بەدەربخات و، لێهاتووییەکانی بەهێزتر و کاریگەرتر بکات، تا وەکو بە هەوڵی تاکەکەسی خۆی بگاتە ئاستێکی بەرزی بژێوی و ئابووری و ڕۆشنبیری و زانستی. لەڕاستیدا ئەو جەنگە جیهانییە کاوڵکاریانەی کە پێشتر ڕووی دا و، کاریگەرییەکانی ڕاستەوخۆ ڕۆڵی هەبوو؛ بۆ ئەوەی ئەو زانستە سەرهەڵ بدات، تاوەکو مرۆڤەکان جارێکی تر گەشە بە لایەنەکانی کارگێڕی و ڕۆشنبیری و ئابووری و کەلتوریی وڵاتەکانیان بدەن.
گەشەپێدانی مرۆیی ئەوەمان تێدەگەینێ، کە مرۆڤ سامانی ڕاستەقینەی گەلانە. هەر مرۆڤە دەتوانێ گەشە بدات بەتواناکانی خۆی و لایەنە زیندووەکانی تری ژیان. هەروەها وا دەکات کە مرۆڤ بەشداریی کاریگەر و ڕاستەوخۆی هەبێت لە بنیاتنانەوەو ئاوەدانی. هەروەها ژمارەیەکی دیار بێت لە چالاکییە ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسییەکان. ئەوەی کە زۆر گرنگە وا لە مرۆڤ دەکات کە متمانەی بەخۆی بێت و، هیوای هەبێت تا بتوانێ بەشدار بێت لە پێشخستنی وڵات، لە هەموو بوارەکانی کەرتی تەندروستی و پەروەردەیی و زانستی، بەشێکی گرنگتر دەبێ. مرۆڤ لەو ڕێگەیەوە هەستی نیشتیمانپەروەریی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ژینگەییی جوانی بۆ دروست بێت، تا لە داهاتوودا کۆمەڵگە بحەسێتەوە لەژێر ڕۆشناییی ئەو زانستە، کە زیاتر مەبەست تێیدا دروستکردنی ژیانێکی ئاسوودە و کارامەیە... جا بواری ئەدەبی و هونەر یەکێکە لەو بوارانەی کە ئەو زانستە هەوڵی بۆ دەدات لەپێناو هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و بەگەڕخستنی تواناکانیان، چونکە میللەتان بە بوونی هونەر و کەلتوور و ئەدەبەوە جوانن و دەگەشێنەوە، بەتایبەتی کاتێک پێنووسەکان جواننووس دەبن و کەسەکان خاوەن هزر و بیروبۆچونی ڕەوا و جوان دەبن.

**د. دڵشاد ئەحمەد**

# گەشەپێدان




## ڕاگەیاندن و دەزگا میدیاییەکان لە دۆخێکی هەستیاردان

دەبینین لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا کە زۆرینەی کۆمەڵگاکان چاویان لەسەر ڕاگەیاندن و میدیایە کۆمەڵگای ئێمەش بێبەش نیە لەم دۆخە. وەک هەر بوارێکی دیکە کە لە مەترسیدایە، ئەم لایەنەش کەوتۆتە ناو گێژاوێک کە دەبێت چی زووە هەوڵێک بدرێت بۆ چاککردنەوەی. میدیا و ڕاگەیاندنی کۆمەڵگای کوردی خۆی لە دووبەش دەبینێتەوە:

یەکەم : ئەو کەناڵانەی کە تێکەڵی سیاسەت بوونو دژبەیەک هەواڵەکان بڵاو دەکەنەوە، ئەرکی جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست دەکەوێتەوە ئەستۆی تاکەکان. دووەم: ئەو کەناڵانەی کە کۆمەڵێک بەرنامە و دراما پێشکەش دەکەن، کە هەموو بەرنامەکان چاولێکەرین و تایتڵی وەکیەکیان هەیە، هەمان کەسایەتی بانگهێشت دەکەن و کۆمەڵێک پرسیاری دووبارەیان لێدەکەن. ئایا ڕاگەیاندن و میدیا پەیامی ڕاستەقینەیان چییە؟

گەر بەردەوام بن لەسەر ئەم ڕێگایەی ئێستایان ئەوا زیانێکی زۆر بەر تاکەکان دەکەوێت، جگە لە بڵاوبوونەوەی پەیامێکی شەڕەنگێزانە و فیتنەیی و دووڕوویی هیچی دیکە ناتوانن بگەیەنن. دەبێت ئامانجی سەرەکی ڕاگەیاندنەکان بریتیی بێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و گەیاندنی پەیامێکی ڕوون و ڕەوان. پەرەپێدانی بواری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بێت لەپێناو پێشخستنی ئاستی ڕووناکبیری تاکەکان کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگا. بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێم دەزگا میدیاییەکان دەبێت خۆیان بە بەرپرسیاری کۆمەڵگا بزانن و لەپێناوی ناوبانگ و بینەر پرۆگرامەکانیان تەرخان نەکەن بۆ بوارێکی دیاریکراو، بەڵکو هەموو هەوڵێک بدەن تا لە لایەنە جیاوازەکانەوە خزمەت پێشکەش بکەن چونکە ئێستا چاوی خەڵک لەسەر میدیا و ڕاگەیاندنەو کاریگەری بەرچاویان هەیە.

**تابین فەرەیدوون**



## بەخشندانە بژین و بمرن!

ئەگەر توانیت، ڕاستییەکەی ئەگەر ویستت، ئەوا دەتوانی ژیانێکی شکۆمەندانە بژیت و بە بەخشندەییشەوە بمریت. چۆن؟

ئازاری کەس مەدە، بەوانەش کە لەخۆڕا ئازاریان دایت.
دڵی کەس مەشکێنە، بەوانەش کە بەبێ هۆ دڵیان شکاندی.
چاوەکانی کەس مەخەرە گریان، بەوانەش کە بۆ هەوای دڵیان گریاندیانی.
هەستی کەس مەڕوشێنە، بەوانەش کە بە میزاج، هەر هەستت نا، یادەوەرییشیان ڕوشاندی.
ڕۆحی کەس بریندار مەکە، بەوانەش کە بۆ فزوڵ ڕۆحتیان هەلاهەلا کرد.
خەونی کەس مەکوژە، بەوانەش کە خەونەکانتیان بە سێدارەی نەرجسیەتی خۆیانەوە هەڵواسی.
چرای هیچ خەندەیەک خامۆش مەکە، بەوانەش کە بزەیان لەسەر لێوەکانت تۆراند و بە پێکەنینت پەست بوون. ئیتر ژیانە، ڕۆژگارەکەی لەگەڵ خۆی دەتبات، کاتەکانی دێن و دەتهاڕن، تا دواجار لە وێستگەیەکدا تەمەنیش جێت دەهێڵێت، بۆیە باشترە لەوە تێ بگەیت؛ کە تەنیا شت بۆ بردنەوەی ژیانێکی شکۆمەندانە ئەوەیە، شوێنەواری شکۆمەندییەکەت لە دوای خۆت بدرەوشێتەوە و تاریکاییی دڵ و ڕۆحی ئەوانەش ڕۆشن بکاتەوە، کە هیچ نەما نەیکەن بۆ ڕەشکردنی ژیانت!

هەڵە نەبم و یادەوەرییم درۆم لەگەڵدا نەکات، ئەوە (کامۆ) بوو گوتی: "ئێمەی مرۆڤ بەشێکی تەمەنمان بە نەگوتراوەکان، بە هەڵە تێگەیشتنەکان، بە بێدەنگی و ڕوووەرگێڕانەکانمان لە یەکتری بەڕێ کردووە."


بۆیە لەم بەستەڵەکی (بوون) و شەختەبەندەی ژیاندا، نەکەن ئەوانەی لەناو دڵتاندا نیشتەجێن بدەنە دەست سەرما و سۆڵەی لەبیرکردن... لەم سەهۆڵبەندانی (بوون) و ساردی و سەقەمەی ژیاندا، هەرگیز ڕۆحی خۆشەویستەکانتان بە تەنیا و ڕووت و قووت، بۆ سڕی و سایەقەی فەرامۆشیی جێ مەهێڵن.

سۆراخی هەواڵی ئەوانە بکەن، کە ڕەنگە بێئاگاییی ئێوە، لە کونجەکانی دڵتاندا نیشتەجێ بووبن... لە هەواڵی ئەوانە بپرسن، کە دوور

نیـــیە بــۆ ئەوەی پێــی بــزانن، لە گۆشـــە و سووچەکانی بیرەوەریتاندا خۆیان پەنا دابێت.

بیرتان نەچێت، لەوانەیە ئەوانەی لە گۆشەکانی جیهـانی نـاوەوە و گەردوونــی ناختانــدا خۆیـان شـــاردووەتەوە، لەســـەر لێـــواری خەرەنـــدی دڵشکان، یان لەسەر ڕۆخی هەڵەمووتی هەزار بە هەزاری مردن نزیک بووبنەوە. بۆیە گوێ لە تـرپەی دڵ و ئـاوازی ڕۆحتـان بگـرن و ئەوانتـان لەبیر بێت، کە بەشێکن لە خۆتان.

# ڕۆشنبیری تەنک
# و
# ڕۆشنبیری ئەستور




تەنک و ئەستور لەڕۆشنبیریدا:

دەتوانین بڵێین دوو جۆر ڕۆشنبیرمان زیاتر هەیە، بەڵام لێرەدا تەنیا سەرنج دەخەینە سەر دوو جۆرەکەی، کە ئەویش ڕۆشنبیری تەنک و ڕۆشنبیری ئەستورە.

ڕۆشنبیری تەنک:

ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەمان کاتێ باسی تەنکی دەکەین خەیاڵمان بۆ زۆر شتی تەنک دەچێت وەکو: ئەم قوماشە تەنکە، بۆیاخی ئەم ئۆتۆمبیلە تەنکە، دیواری ئەم ماڵە تەنکە، پەردەی گوێی مرۆڤ تەنکە، چینەکانی چاوی مرۆڤ تەنکن، پێڵوی چاوەکانی مرۆڤ تەنکن... بەڵام خراپترین جۆری تەنکی، کە ڕەنگە بوونی هەبێت ئێمە هەستمان پێ نەکردبێت، ئەویش ڕۆشنبیری تەنکە! ئەو ڕۆشنبیرە تەنکە، جۆری مرۆڤی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە کە وا ئاڕاستەیان دەکات؛ ئێوە باڵا و پێشەنگی کۆمەڵگان، بەڵام لە ڕاستیدا یان نیمچە بەتاڵن یان پڕن لە بەتاڵی!

ڕۆشنبیریی تەنک چەندجۆرێکی هەیە:

١- کەسێک پەرتووکخوێن بێت، بۆ ئەوە بخوێنێتەوە چەند شتێکی سەرەنجڕاکێش ئەزبەر بکات، تا لە گفتوگۆکان براوە بێت و خۆی بە براوە پیشان بدات! هەمیشە وا بیر دەکاتەوە هەرچی شتە دەزانێ و خۆشی هەرگیز بە نەزان پیشان نادات.

٢ - ڕۆشنبیریی تەنک کەسێکە وا فێر دەکرێت، کاتێک چوویتە سەر سەکۆی قسەکردن؛ بەشداربووان بەیەک لەو شتانە بزانە (تەختە، کورسی، هەر هیچ کەس، بزن، مەڕ، کەر، تەنیا بەمرۆڤیان مەزانە...) لێرەدا نە خودی قسەکەر چاودێریی هەڵەی چاوەڕوانکراو دەبێ لە ئامادەبووان، نە ئامادەبووان ئەو لە ئامێرێک زیاتر نابینن، وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ئەگەر هەڵەشی کرد بۆ خۆیەتی، دەرفەت ناگونجێت بۆی ڕاست بکەیتەوە، هەمیشە پاساو بۆ هەڵەکانی دەهێنێتەوە؛ دان بە دۆڕان و هەڵەی خۆی نانێ و خۆی پێ لە هەمووان زاناترە و کەس وەک ئەو نییە.

٣- ڕۆشنبیری تەنک؛ کەسێکە زۆر خێرا خوێندنەوە ئەکاتە بنچینەیەک و پیشانی ئەوانی تریش دەدات کە خێرا خوێندنەوە سوودی زۆرە، لێشی بپرسی؛ نازانێ چ سوودێکی هەیە... کە شتێکیش نەزانی سوودی چییە وەک ئەوە وایە هەنگوین بدزیت و بچیت بۆ کەسێکی نەخۆش شەکرە بڵێی بەسوودە، بەڵام نەزانی بۆ چ جۆرە کەسێک!

لێرەدا کەسی ڕۆشنبیری تەنک پەیڕەوی چەندییەتیی پەرتووکی خوێندراوە دەکات، گوێ بەچۆنییەتی زۆر بەکەمی دەدرێت، هەرچی چۆنییەتییە لای ڕۆشنبیری تەنک خاڵە گرنگ و وتە گرنگەکانی ناو پەرتووکەکەیە!

٤ - ڕۆشنبیری تەنک؛ زیاتر بەدوای ڕووکار دەکەوێت و، لە جلوبەرگ سەرنجڕاکێش بێت و، لە زمان ڕوونی ڕوونبێژ بێت و زمانەوانیی گێڕانەوەی کاریگەر بێت... ئیتر ئەمە ئەگەر بەم شێوەیە کەسەکە خۆی دیت وا خەیاڵ دەکات گەیشتووە بەلوتکەی ڕۆشنبیرییەتی. کەچی بیری چووە (ڕابەر بێدار) لە گوتەیەکدا، دەڵێ: "مەچۆ بۆ شوێنێک جلەکانت هێندە جوانبن گومان بخەنە سەر قسەکانت، بەڵکو بڕۆ بۆ شوێنێک قسە بکە با سوودی قسەکانت نارێکیی جلەکانت لەبیری ئامادەبووان بەرێتەوە..."

ڕۆشنبیریی ئەستور:

ئێمە بە هەمانشێوە، کاتێ گوێمان لە ئەستوری دەبێت؛ کۆمەڵێک وێنەمان لە خەیاڵ بۆ دەتاشرێ ئەستوریی چینەکانی زەوی و ئەستوریی ئۆتۆمبیلە گوللەنەبڕەکان! بەست و بەنداوی ئاو... بەڵام گوێمان لەڕۆشنبیریی ئەستور نەبووە، کەم تا زۆر و نزیک و دوور...

لێرەدا بە چەند خاڵێک ڕۆشنبیری ئەستور دەخەینە ڕوو، تابزانین ڕۆشنبیری ئەستور کێیە و بۆچی پێی دەڵێین ئەستور؟

١- ڕۆشنبیری ئەستور دەخوێنێتەوە، هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی لە پاڵ خوێندنەوەکەی نییە، وەک ببێتە گوتاربێژ. یاخود بۆ دەمکوتکردنی ئەوانی تر لە کاتی گفتوگۆ. یاخود خۆبەناوبانگکردن... خوێندنەوەی تەنیا زۆر زانینییەتی و ئەوەش کە هەرگیز پێی ناگات، بۆیە تا مردن ئەو دەزانێ کە هیچ نازانێ، وەک (سوقرات) دەڵێت: " هیچ کاتێک نەم دەزانی کە دەزانم، تەنیا کاتێک دەگەیشتم بە نەزانەکان ئەوکات دەمزانی شتێک دەزانم."

٢-ڕۆشنبیری ئەستوور، مرۆڤێکە هیچ کات لە کاتی پێشکەشکردنی هەر وتارێکیدا، خۆی جیا ناکاتەوە لە تاکێتیی مرۆڤی ئەوان، خۆی و ئەوان بە یەکسانی لە ڕووی مرۆڤی دەزانێ و، لە ڕووی زانیارییش هەموویان لە خۆیان زاناتر دەبینێ، لە هەر هەڵەیەکیش پێیان دەفەرموێت: (تکایە ڕاستم بکەنەوە چونکە ئێمە لەکەموکوڕی کەم نین.) هەرگیز پاساو بۆ هەڵەکانی ناهێنێتەوە، بەڵکو ڕاشکاوانە دەڵێت: (من لەم خاڵە هەڵەبووم و سوپاس بۆ ئێوە هاوکارم بوون لەڕاستکردنەوەیدا.)

٣- ڕۆشنبیری ئەستور هیچ پەلەیی لە خوێندنەوەدا ناکاتە پێوەری خێرازانین، ڕەنگە بۆ لاپەڕەیەک سێجار یان سێ کاتژمێر دۆشداما بێت، بەدەم بیرکردنەوە وەک (جبران خلیل جبران) دەڵێت: "بەسێ جار لەماوەیەک پەرتووکێک خوێندنەوە باشترە لە خوێندنەوەی سێ پەرتووک لەیەک کاتدا." لێرە ڕۆشنبیری ئەستور بەدوای زانیاریی کرۆکی خودی زانستەکەوەیە، تا نەگاتە قوڵاییی تێگەیشتنی لاپەڕەیەک خوێندنەوەی لاپەڕەکە تێپەڕ ناکات نەک تەنیا زانستی ڕووکەشی. ئەوکاتەیە ڕۆشنبیری ئەستور پەیڕەوەی چۆنییەتیی خوێندنەوە دەکات، نەک چەندییەتی و زۆرییەتیی پەرتووکی خوێندراوە.

٤- ڕۆشنبیری ئەستور بۆ خۆڕازاندنەوە کات ناکوژێت، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی بە جلوبەرگ و قژ و پێڵاوی دەکوژێت بۆ ئەو زۆرە ڕەنگە بیرۆکەیەکی بسووتێ!ڕۆشنبیری ئەستور هەرچی جلوبەرگ و پێڵاو و قژشانەکردن، بە ئامرازێک دەزانێت بۆ ئەوەی خۆی بەبێ کەموکوڕیی ڕووتی و پێپەتی و ئاڵۆزکاوییی قژ، نەک بۆ ئەوانە بکات بۆ ئەوەی خۆی ببێتە ئامرازێک بۆ پیشاندانی ئەو شتانەی خستۆتە بەری، وەک نمایشکارەکان. لێرەدا ڕۆشنبیری ئەستور پەیام و سوودی مەبەستە بیگەیەنێت، پەیامێک کە خۆی هاتە دەرەوە سوودی بۆ ئەوانیتر هەبێت، نەک پەیامجوانی، تەنیا کاتێ لە بەشداربووان دەپرسی: چۆن بوو؟

ـ : قسەکانی جوان بوون.

+: چ سوودێکت لێ بینی؟

ـ : تێی نەگەیشتم قسەکانی فەلسەفی بوون.

کەوایە لێرە وا دابنێ ئامێرێکی قسەخۆشکردن بووە، نەک قسەکردنی بەسوود.

ڕۆشنبیری ئەستور ئامێر نییە بۆ جوانی، بەڵام ڕۆشنبیری تەنک لەئامێرێک زیاتر نییە بۆ دەمشیرینکردن و گوێشیرینکردنی ئامادەبووان...

لە کۆتاییدا بەم گوتەیە بابەتەکە بۆ گفتوگۆی ئێوە کراوە دەکەم : " ڕۆشنبیری تەنک پەرتووک ئەخاتە سەرسەری و پیرۆزی دەکات، بەڵام ڕۆشنبیری ئەستور پەرتووک دەخاتە ناو مێشکی و، مێشکی پیرۆز ئەکات.

تێبینی: وشەی ڕۆشنبیری تەنکم لە ڕاپۆرتێک وەرگرتووە. بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆم و سوودوەرگرتن لە بیرۆکەی ئەم ڕاپۆرتە داڕشتنم بە بیرۆکەی خودی بۆ بابەتەکە کردووە.

# ئەدەب - شیعر



## باران

بباره باران بباره،
ئەی ئاشناترین باڵندە؛
بە هێلانەی غەریبیم.
ئەی پڕاوپڕترین ئاواز،
بە باڵای هەڵبەستی ناسۆڕیم.
ئەی نەفخی سوڕی
گۆڕستانی خەونی من.
ئاوپڕژێنی،
تێنووترین وشکەڵانی خۆزگەی من.

بەسەر مندا بباره،
ئەی شیرین ترین ماچ.
تەڕترین بەستە.
جوانترین کچ.
ناسکترین دەنگ.
ڕاستگۆترین دۆست.
ئەی لە شەوی قەدر بە قەدرتر.
لە ساڵی نەهات، بەسەر مندا بباره

باران،
بێ عود و کەمان؛
ڕووبار و جەنگڵستان دێنێتە سەما!



بێئەوەی گوناهی بۆ بنووسرێ،
شان و ملی هەزاران کچ ڕادەموسێ.
لە خشڵ و ملوانکە و گەردانە زیاتر
خۆی لە سینە و مەم دەخشێنێ.
بە سەر مندا ببارە باران!
ببارە باران ببارە.






## پەتۆی شیعر

چەند ڕۆژێکە
لە ئاسمانی خەیاڵمدا:
شەقەی باڵی مەلی خەمم،
دەنگی نایە.
بۆیە هەرچی گوڵی شیعرە،
کاتێ دەڕوێ؛
چەند چقڵێکی لەناو دای

---
پەتۆ: هەناسە.

**ئەحمەد زرار**



# ماچی ئازادی

خۆنامەکەت بگۆڕە و،
وێنەکەی خۆت دابنێ...
نەوەک لەم ڕۆژانەدا،
وەک تەواوی ساتەکانی عومری دزراومان؛
ئەم ڕایەڵەشمان لێ بەربەست بکەن.
با ئەگەر ڕۆژێک،
لە گۆشەیەکی گۆڕەپانی ئازادیدا،
چاومان پێک کەوت و
یەکترمان ناسییەوە؛
باوەش بە یەکدا بکەین و
لەبری هەموو
ئەو گوڵ و دڵە خوازەییانەی
تامی تفتی مانیتۆڕێکی سارد دەدەن،
لێوانمان لەیەک بدەین و،
خوێناوی دەروونی هەڵچوومان
لە توێی سەد ماچی گەرمدا،
قوم بە قوم بخۆینەوە.

---

ڕایەڵە: پیاسە.
مانیتۆڕ: چاودێر.



**م. ئاران**

# ئەدەب - لێکۆڵینەوە




## ڕۆمانی ( شکانی دونیا ) ی ( بەرهەم وەتمان )

## و

## چەند سەرنجێک

پێشەکی

ڕۆمانی (شکانی دونیا) لە نووسینی (بەرهەم وەتمان) چاپی یەکەمی ساڵی (2020) لە دوو توێی کتێبێکی (126) لاپەڕەدا لە تاران چاپکراوە ، باسی عیشقێکی ناکامی کەسێک دەکات بەناوی (باران) کە دلبەرەکەی لە ڕووداوێکی هات و چۆدا گیانی لە دەستداوە ، کە چۆن دوای ئەو ڕووداوە ژیانی لێ تێکچووەوە بەرو وێران بوون ڕۆیشتووە ، هەر لەناو ئەم ڕۆمانەدا چیرۆکێکی دی هەیە ئەویش عیشقی (کۆسار و شەویارە) واتە چیرۆک لەناو چیرۆکە ، هەر لە ڕێگەی عیشقی کۆسارو شەویارەوە باسی چیرۆکی عیشقی دایکی شەویار (دونیا) ، چیرۆکی عیشقی دونیا بووە بە ڕووداوی سەرەکی ڕۆمانەکە، تەنانەت ناونیشانی ڕۆمانەکەش (شکانی دونیا) هەر پەیوەندی بە ناونیشانی ڕۆمانەکەوەیە ، ئەم ڕۆمانە ناوەڕۆکەکەی چیرۆکێکی چێژ بەخشە ، کاتێک نووسەر ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک هەڵدەبژێرێت بۆ ڕۆمانەکەی ، بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی سەرکەوتوو و چێژ بەخش بێ ، دەبێ ڕەچاوی هەندێک خاڵ و بنەمای نووسینی ڕۆمان بکات ، نووسەری سەرکەوتووش ئەو نووسەرەیە خوێنەر هەر لەگەڵ خوێندنەوەی سەرەتای ڕۆمانەکەی پەلکێشی ناو ڕۆمانەکەی بکات ، بۆ سەرکەوتنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بەتایبەتی ڕۆمان چەند بنەمایەک هەن دەبێت نووسەر ڕەچاوی بکات ، واتە بنیادی هەر ڕۆمانێک لەسەر چەند بنەمایەکە ، ئەم بنەمایانە پەیکەری ڕۆمانەکە پێک دەهێنن ، ئەویش توخمی ( زمان ، گێڕانەوە ، کات ، شوێن ، ڕووداو ، کەسایەتی ...) ، لێرەدا توخمی زمان لەم ڕۆمانەدا دەخەینە بەر باس ، کە لە ڕۆمانی (شکانی دونیا) چۆن ئەم توخمە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە .

توخمی زمان لە ڕۆمانی (شکانی دونیا) زمان کۆڵەکەی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبییە ، توخمەکانی تری وەکو (کات و شوێن و ڕووداو و کەسایەتی) پەیوەندییەکی تۆکمەی بە توخمی زمانەوە هەیە ، چونکە هەموو ئەمانە لەڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێن ، (زمان وەک یەکێک لەو توخمانەیە پێویستییەکی یەکجار گرنگی دروستبوونی دەقی ئەدەبییە ، پەیوەندییەکی پتەوی بە توخمەکانی دیەوە هەیە ، چونکە ئەوان لە ڕێگای زمانەوە دەردەبڕێن و زمان ئەوان دەناسێنێ) (حاجی ، 2009 ، ل 83) زمان جگە لەوەی خۆی توخمێکی سەرەکی بنیادی دەقی ئەدەبییە ، ئەرکەکەی قورسترە ، چونکە توخمەکانی تریش

گەر بە زمانێکی ئەدەبی تۆکمە نەنووسرێت ، ئەوا بەرهەمێکی کرچ و کاڵ دەردەچێت و بە دەقێکی لاواز لە قەڵەم دەدرێت ، بۆیە مامەڵە کردن و بەکارهێنانی زمان گرنگترین شتە کە نووسەر ئاگاداری بێت کە چۆن بەکاری دەهێنێت ، (سەرەنجامی ئەو مامەڵەیە لەگەڵ زمان دەکرێ دەقی ئەدەبی لێ بکەوێتەوە) (حاجی ، 2009 و ل 84) ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی لە قسەی ئاسایی و ڕۆژانە جیا دەکاتەوە ئەوا بنیاتە زمانییەکەی دەقەکەیە ، خۆ زۆرێکمان ڕۆژانە چیرۆک و بەسەرهات دەگێڕینەوەو باسی دەکەین ، خۆ هەر ئەو چیرۆک و بەسەر هاتانەن نووسەر لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبییدا دایدەڕێژێت و بەرهەمی ئەدەبی لێ بەرهەم دەهێنێت ، نووسەر وەک تاکێکی ناو کۆمەڵگاش سوود لەو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییە وەردەگرێت کە لە چوار دەوریدا ڕوودەدەن ، بەڵام ئەمە زمانی نووسینە کە نووسەر لە کەسێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە جیا دەکاتەوە ، (زمان بە هۆیەکی سەرەکی گەیاندنی چیرۆکنووس دەژمێردرێت ، لە ڕێگای زمانەوە چیرۆکنووس دەتوانێت هەر بیرۆکەیەک بگەیەنێت) (حسین ، 2000 ، ل58) ، کەواتە زمان کۆڵەکەی سەرەکی هەموو دەقێکی ئەدەبییە ، بیرمان نەچێت دەبێ نووسەر شارەزایەکی باشی لە ڕێزمانی زماندا هەبێ ، بۆ ئەوەی لە یاسا ڕێزمانییەکان لانەدات و تاوەکو هەڵەی ڕێزمانی نەبێت ، (دەبێت چیرۆکنووس شارەزاییەکی باشی هەبێت و یاساکانی ڕێزمان بپارێزێت و چیرۆکەکەی خاڵی بێت لە هەڵەی ڕێزمانی ، هەموو ناوو جێناوو کارەکان لە شوێنی خۆیان بەکاربهێنێت) (اسماعیل ، 2011 ، ل126) کەواتە زمان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەیە لە بنیاتی دەقی ئەدەبی بۆیە دەبێت نووسەر مامەڵەیەکی باش و شارەزاییەکی تەواوی لە ڕێزمانی ئەو زمانە هەبێت کە دەقەکەی پێ دەنووسێت ، لەو سۆنگەی زمانەوە ڕۆمانی (شکانی دونیا) دەخەینە بەرباس

و سەرنج و تێبینی خۆمان دەخەینە ڕوو . لە لاپەڕە (4) نووسراوە (دوای مانەوەی بۆ ماوەی یەک مانگ لە ژێر چاودێری دکتۆراندا گیانی بەرزە فڕی ، دڵی پاکی لە کار کەوت...) لێرەدا هەڵەیەک هەیە لە بری ئەوەی بنووسێت (گیانی بەرزەفڕی ، فڕی) یاخود لە کارکەوتن بۆ دڵ بەکار نایەت ، بەم شێوەیە نووسینەکە جوانتر دەردەکەوێت : ( دوای مانەوەی بۆ ماوەی یەک مانگ لە ژێر چاودێری پزیشکاندا گیانی بەرزەفڕی فڕی و دڵی لە لێدان کەوت) لە لاپەڕی (5) نووسراوە : ( تووشی خەمۆکییەکی لە ڕادە بەدەرهات بووم) هەڵەی ڕێنووسییە ناکرێت بەم شێوەیە بنووسرێت ، ڕاستییەکەی (تووشی خەمۆکییەکەی لە ڕادەبەدەر هاتبووم) ، لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت : (ئەو کاتانەی کە مەیم دەخواردەوە و سەرخۆش دەبووم ...) ئەمە لە زمانی ئاسایی عەوام نزیکەو دەربڕینێکی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکییە ناچێتە قاڵبی زمانی ئەدەبییەوە ، بۆیە شێوازە دروستەکەی بەم شێوەیەیە : (ئەو کاتانەی مەییم دەخواردەوەو مەست دەبووم) لە لاپەڕە (6) نووسراوە : (ئەو ڕەفتارەی خاوەنی مەیخانەکە بەرامبەرمی دەنواند) ئەمەش دەربڕینێکی نادروستە ، بەم شێوەیە دروستترو جوانترە : ( ئەو ڕەفتارەی خاوەنی مەیخانەکە لە بەرامبەر مندا دەینواد) ، لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت : (لەکاتی سەرخۆشیدا) ئەمە شێوزای دەربڕینی قسەی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکییە ، وەکو لە پیشتریش ئاماژەم پێدا لە زمانی ئەدەبیدا دەبێت دەستەواژەی جوان و پراگماتیکی بەکاربهێنرێت ، بۆ نموونە بۆ کەسێک کە هەستی (بینینی) نییە بە شێوازی گشتی و خەڵکی بە (کوێر) ناسراوە ، ئەم وشەیە زۆرجار بۆ سەرزەنشت و سوکایەتیش بەکاردەهێندرێت ، گەر ئە وشەیە بۆ کەسەکە بەکاربهێندرێت هەست بە شکانەوە دەکات ، بەڵام ئەگەر بە کەسێک کە هەستی بینینی نییە وشەی (نابینا) بەکاربهێندرێت ئەم وشەیە کەسەکەش هەست بە کەم و کوڕی ناکات و

پێی ناشکێتەوەو ئازاری دەروونی نادات ، کەواتا لە ئەدەبدا دەبێت وشەکان پراگماتیکی بن و شێوازە دروستەکە بەکاربهێندرێت ، بۆیە بەکارهێنانی وشەی (سەرخۆش) شێوزاێکی گشتی و بگرە زۆرجاریش وەکو ئیهانەو سوکایەتی بەکاردەهێندرێت ، شێوازە دروستەکەی ئەوەیە وشەی (مەست) بەکاربهێندرێت ، چونکە زۆرێک لەوانەی دووچاری مەینۆشی دەبنەوە ، بارودۆخ و ڕۆژگار وای لێ کردوون پەنا بۆ مەی ببەن و خۆیان مەست بکەن کە بۆ چەند ساتێک دەروونییان ئارام ببێتەوەو لە جەنجاڵییەکانی ژیان دوور بکەونەوە ، لە لاپەڕە (36) دەنووسێت : (کە گوێی لەم قسانە بوو ئیتر چی ترس و قەلەقییەک هەی بوو ڕەویەوە...) دەکرا لە بری وشەی (قەلەق) وشەی (دڵەڕاوکێ) ی بەکارهێنابا جوانتر ئەبوو ، یاخود وشەی (ڕەویەوە) بەم شێوەیە دروست نییە بەڵکو بەم شێوەیە دروستە (ڕەوییەوە) لە لاپەڕە (40) دەنووسێت : (کاتێک دونیا خەریکی قاپشۆردن بوو لە نادینەکە کوڕەی لاو دەستی دونیای گرت و لە باوەشی کرد...) وشەی (نادین) لە پیشتردا بۆ ئەو شوێنە بەکاردەهێندرا کە نانی تێدا دەکرا ، نەک شوێنی ئامادەکردنی خواردن ، لە هەندێک شوێندا پێی دەوترا (تەندوورخان) ئەو شوێنەی کە ئاردی تێدا دەکرێتە هەویر و پاشان هەویرەکە دەکرێتە نان ، بۆیە (نادین) بە شوێنی نان کردن دەوترێت ، هەرچی شوێنی ئامادەکردنی خواردنە (چێشتخانە) یە ، یاخود بەکارهێنانی وشەی (عیشق) بە شێوازی جیاجیا ، لە بەشێکی لاپەڕەکاندا نووسراوە (ئیشق) لە هەندێکی شوێنی دیکەدا نووسراوە (ئەشق) ڕاستی وشەکە (عیشق) ە ، بە گشتی ئەم ڕۆمانە هەڵەی چاپ و ڕێنووسی زۆری تێدایە ، لە هەندێ شوێندا زمانەکە هێندە سادەیە لە دەربڕینی ئاسایی دەچێت ، بەوە ناچێ کە ئەمە دەقێکی ئەدەبی بێت ، هەڵەی ڕێنووسی زۆرە ، چیرۆکێکی چێژبەخشە ، دەکرا بە زمانێکی ئەدەبی بە شێوزاێکی جوانترو کاریگەرتر بنووسرێت و چێژێکی زیاتر بە خوێنەر ببەخشێت.

**ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە :**


1- حاجی (2009) ، سەنگەر قادر شێخ محەمەد ، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا ، دەزگای موکریانی ، چاپی یەکەم ، هەولێر .


2- اسماعیل (2011) ، مظفر مصطفی ، ڕوخسارو ناوەڕۆکی چیرۆکی مندالآن لای لەتیف هەڵمەت ، بڵاوکراوەی کۆڕی زانیاری کورد ژمارە (132) ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر .

3- حسین ، (2000) ، رائد عباس علی ، قصص الاطفال فی الموصل ، رسالة ماجستیر . (PDF)


**سەهەند نالی**




هەژار موکریانی



وەفایی



مامۆستا هێمن



مامۆستا قانع

## شیعری کلاسیکی کوردی و تابوشکێنی

تابو بە واتای قەدەغەکراو دێت، تابوشکێنی واتا شکاندنی ئەو بەندانەی کە دانراون. شاعیرانی کورد بە گشتی و شاعیرانی کلاسیک بە تایبەتی، زۆر گرنگیان بە داستانە جیهانی و کوردییەکان داوە. بە نمونە، حەمدیی مەزن بە سودوەرگرتن لە داستانی شیرین و فەرهاد دەڵێ: لە شاخا دەنگی فەرهادم لە گوێ دێ هەر دەڵێ عاشق بە گڕ کێوا بچۆ نامەرد، هەتە گەر عیشقی شیرینت

ئەوەی حەمدی دەیڵێ؛ هەر باسێکی دانەبڕاوی عیشقە شیرین و فەرهاد بە نمونە... بەو واتا؛ درکی گۆڕانکارییەکی وا ناکەیت کە حەمدی لە فەرهاد عاشقتر بێ، بەڵکو حەمدی شانازیی بەخۆیەوە دەکا، ئەگەر بتوانێ وەکو فەرهاد عاشق بێ.

ئەمە لای مستەفا بەگی کوردی بڕ دەبێتەوە، مستەفا بەگ بە دێڕێک لە شیعر بۆمان دەردەخا کە لە فەرهاد عاشقترە و تینی عیشقی کوردی، کێوێک (شاخی شاهۆ، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات) بەو گەورەیییەوە نەرم دەکات:

به نینۆک کاری فەرهاد دێ لەدەستم
وەها شاهۆ لە ناڵەم نەرمە ئەمشەوە!

ئەوەی مستەفا بەگ ئاماژەی پێ دەدا لەم دێڕە شیعرەدا، بەزاندنی سنوری عیشقە، کە لە ئەدەبیاتی جیهانی و ناوچەییدا نمونەی عیشقی مەزن بە شیرین و فەرهاد دەهێنرێتەوە... لێ کوردی باس لەوە دەکا کە ئەم سنورەی بەزاندووە.

فەرهاد لە کونکردنی کێوی بێستوندا، ئامێری پێ بووە. کوردی لێرەدا تابوی عیشق دەشکێنێ، لای ئێمە وا بووە، کەس لە فەرهاد عاشقتر نەبووە بتوانێ کێوی وا کون بکا، بەڵام کوردی دەڵێ من بە نینۆک ئەو کارە دەکەم، کە

فەرهاد کردی، بۆ؟ چونکە بە ناڵەی من، کێوی فەرهاد نەرم بووە. ئەم باسە لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا زۆر هەڵدەگرێ و دەکرێ وەک لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کاری زۆری لەسەر بکرێ...

تێبینی١:
ناونیشانی ئەم دەقە لە کتێبێکی ژنەنوسەری کورد "بوشرا کەسنەزانی"یەوە وەرگیراوە.
تێبینی٢: لە ڕێنوسی ئەم نوسینەدا، پێڕەوی "وو"م نەکردووە لەو جێگایانەی پێویست نین.

# فایلێکی تایبەت بە نووسەر و وەرگێڕ

## توانا ئەمین



# ژیاننامەی

# توانا ئەمین

**توانا ئەمین**


* توانا ئەمین.
* لە ساڵی ١٩٨١ لەدایک بووە.
* چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕە.
* لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری تێکست بووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.
* لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ سەرپەرشتیاری گشتی هەفتەنامەی فەرهەنگی کلتووری پەیک بووە و خەڵاتی باشترین چیرۆکی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ وەرگرتووە.
* لە ساڵی ٢٠٠٨ لەبەشی زمان لە ڕۆژنامەی ئاوێنە کاری کردووە.
* لە ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی باشترین چیرۆکنووسانی سلێمانی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەرگرتووە.
* لەساڵی ٢٠١٠ خەڵاتی یەکەمی باشترین چیرۆکی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ لە سلێمانی وەرگرتووە.
* لە ساڵی ٢٠١١ خەڵاتی باشترین لاوی بۆ چیرۆک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر وەرگرتووە.
* لە ساڵی ٢٠١١ بۆ جاری سێهەم و لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ جاری چوارەم و لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ جاری پێنجەم خەڵاتی باشترین چیرۆکی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ وەرگرتووە.
* لە ساڵی١٩٩٩ وە بەردەوام لە گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕە کوردی و فارسییە جدییە ئەدەبی و هونەرییەکاندا لێکۆڵینەوەو وتارو خوێندنەوەو چیرۆکی نووسیوە.
* ئەندامی کارای فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی یە.
* بەڕێوەبەری نووسینە لە گۆڤاری کۆنسێپت کە گۆڤارێکی وەرزی (ڕەخنەیی و فیکرییە).
* خاوەنی ٢٣ بەرهەمی چاپکراوە لە نووسین و لێکۆڵینەوەو وتارو وەرگێڕان.




# بەرهەمەکانی توانا ئەمین

## بەرهەمەکانی توانا ئەمین

١- مەنفا و نووسین (گفتوگۆی ئەدەبی ٢٠٠٧
٢- مەنفا و خوێندنەوە (گفتوگۆی ئەدەبی) ٢٠٠٨
٣- پیاسەیەک پێکەوە...... پیاسەیەک بەتەنیا (ڕەخنەی ئەدەبی) ٢٠٠٨
٤- کچی ناو تابلۆکە (چیرۆک) ٢٠٠٩
٥- خودا لەسەری مرۆڤدا (گفتوگۆی فیکری ٢٠١٢
٦- سەگێک لە ئاوێنەدا (چیرۆک) ٢٠١٢
٧- فڕین لە قەفەسێکی کراوەدا (ڕەخنەی ئەدەبی) ٢٠١٢
٨- نووسین و تاراوگە (گفتوگۆی ئەدەبی) ٢٠١٥
٩- ژوولیاو دەستنووسەکەی مەولانا (چیرۆک) ٢٠١٦
١٠- مینای شین (نووسین و لێکۆڵینەوە) ٢٠١٨
١١- مرواری تاقانە (تێکست و یاداشت) ٢٠١٩







## بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی توانا ئەمین

١- پەیکەری فەرهاد، عەباس مەعرووفی، وەرگێڕانی توانا ئەمین، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٩
٢- پەیکەری فەرهاد، عەباس مەعرووفی، وەرگێڕانی توانا ئەمین، بەرگی دووەم، ٢٠٠٩
٣- کەوتن، ئەلبێرت کامۆ، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٣
٤- دەنگی پێی ئاو و ماچێک بە تامی خۆڵەمێش، سوهراب سپهری، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٤
٥- کوندە پەپووی کوێر، سادق هیدایەت، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٥
٦- ماڵی یار، سوهراب سپهری، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٥
٧- تریفەی مانگ، گیٚ دو مۆپاسان، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٦
٨- گەردانەی تەم، سوهراب سپهری، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٦
٩- پەیامبەر، جوبران خەلیل جوبران، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٧
١٠- لە پەنهانترین کەلێنی پیرۆزی دڵمدایت، ڕابیندرانات تاگوور، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٧
١١- ئەڤینم خۆشدەوێت بەلام لە ژن دەترسم، حسێن پەناهی، وەرگێڕانی توانا ئەمین، ٢٠١٧
١٢- شیر و هەنگوین، ڕوپی کۆر، وەرگێڕانی توانا ئەمین و سیامەند ج. ئەحمەد، ٢٠١٨



## گوڵبژێرێک لە تێکستەکانی توانا ئەمین

(١)

با خەڵک هەربڵێن بە شەرع حەرامە
خۆ بە دڵم؛ تۆ بۆمن حەڵاڵی
ئێ دڵیش شەرعی خۆی هەیە .!

(٢)
تۆم هەبیت باشم،
تۆم نەبیت باشم،
تۆم هەبیت و نەبیت باشم..

خۆشت دەزانی کە لە دووەم و سێهەمیاندا درۆ دەکەم!

(٣)

بەچی دەمشاریتەوە؟
کە وەک فسفۆڕی سەوز سەوز...
وەک چاوی پشیلە لە شەوی تاردا؛
ماچەکانم بە گەردنتەوە دەدرەوشێنەوە..!

**(٤)**

باری تەعالا؛
ئەو هەموو دەجالە گەورەیە چی بوو
ناردتە ئەم ژیانە چکۆلەیەی منەوە..!

**(٥)**

ئینسان کە بیری کەسێک دەکات، بیری خۆی دەکات..... خۆی لای ئەو .!

**(٦)**

ئەگەر بۆت کرا لە ژیاندا تۆ خەڵک هەڵبژێرە، مەهێڵە هەڵتبژێرن.
لە هەڵبژاردندا تۆ ئەوە دیاری دەکەیت کە خۆت دەتەوێ، لە هەڵبژێردراودا یەکێکی تر ئەوە دیاری دەکا کە خۆی دەیەوێ.
مەعشووق مەبە، عاشق بە!

**(٧)**

لە ئەلبوومی ژیانی هەمووماندا؛
وێنەیەک هەیە، کە وێنەگرەکەیمان لە خۆمان خۆشتردەوێت..!

**(٨)**

چاوم دەفڕێ،
باڵیش بگرێ... باکم نییە،
دەزانم ئەوەی بیرم دەکات، تەنها تۆیت..!

**(٩)**

ئێستا ئەوەندە زەینم پەشێوە، بیرم چۆتەوە دەبی بەچی.. بەڵام دڵنیام ئینسان کە عاشق دەبێت لە ئادەمیزادەوە دەبێت بەشتێکی تر... من بووبووم بەو شتە..!

**(١٠)**

جا ئەکرێ هەرکەسەمان لە باوەشی یەکێکدا بین و دڵمان
بۆیەکێکی تر لێبدات؟
ئا دەکرێ..... بەمە دەڵێن ژیانی دڕاو

**( ١١ )**

ئەگەر من لە تۆ بڕۆم؛
تۆ وەک دوکانێکی بەتاڵ،
وەک ماڵێکی چۆڵ...
ئەبێ لەسەر دیواری سنگت بنووسیت؛
ئەم دڵە بۆ کرێ!

**( ١٢ )**

وا دەزانی کە چاو دادەخەم ناتبینم؟ ئاهـ کاشکێ شتەکان ئاوها ئاسان بان..! هەر بەڕاست؛ ئەزانی من لە بەرانبەر تـــۆدا؛ چاوی خۆمم لێ ئەبێت بە بەڵا..!

**( ١٣ )**

ئەوەی لە تۆدا بۆ من گرنگە..!

خەونم پێوە بینیت، بۆشت بگێڕمەوە هودەی نییە... ڕۆحزلییت ناهێڵێ لە هەموو شتێک تێبگەیت، ئیمامی عەلی گوتبوی: ژنان وەک منداڵ وان، ئەگەر ڕابکەیت بەدوایاندا ڕادەکەن، ئەگەر وازیان لێ بهێنی خۆیان وردە وردە دێنە بەردەستت... ئیمام لەو دێڕەدا شتێکی بیرچووە، ئەویش ئەوەیە کە پیاوانیش هەروان..!

سەرگەردانی گەورە ئەوەیە تۆ بەدوای کەسێکدا ڕابکەیت و کەسەکە بەدوای کەسێکی تردا، لەم ڕاکەڕاکەدا؛ ژیان دەبێ بەماراسۆنێک لەگەڵ سێبەرەکەی خۆتدا، گوتم سێبەر.. چ پەسەند و دڵخوازانەیە ئەم وشەیە، هەر بەڕاست تۆ سێبەری، سێبەری، سێبەری من نا، سێبەری خۆت نا، سێبەری شتێکی تری لەسەر زەوی.
شتێک دەڵێم و دەزانم لەمەیش تێناگەی؛ ئەوەی لە تۆدا بۆ من گرنگە بوونتە...
بوونێک کە خۆت هێندەی من ڕێزی لێ ناگریت!


**( ١٤ )**

ئارەزووی مەحاڵ!

ئەها ئارەزوویەکت هەیە سوور سوور دەزانی پێی ناگەیت، کەچی هەر هەتە..... ئێ من ئەو ئارەزووەتم خۆش دەوێ.... ئەوە وزەی ژیانی تۆیە، تۆ کە ماویت و ئێستا ئەم دێڕە دەخوێنیتەوە، لە سایەی ئەو مەحاڵەوە ماوی، مەحاڵێک کە نابێ بە واقعی کەسی بگۆڕیتەوە، ئەمە شتێکە سەودا ناکرێ، ئەگەر زۆرینەی شتەکان تەنها نرخیان هەبێت، ئەوە مەحاڵە، لای تۆ نرخ(سعر) و بەها(قیمەت) ی پێکەوە هەیە
ئەو شتانەی خۆتت خۆشبوێت کە نیتن !

**( ١٥ )**

بەختەوەریی؛
بۆ هەریەکەمان شتێکە و
بۆ هەمووومان ئەو شتەیە کە نیمانە!



# چەند لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە نووسین و کارنامەی توانا ئەمین

## بێ ئۆقرەیی گێڕانەوە

## لەبارەی چیرۆکی (توانا ئەمین)ەوە

**شێرزاد حەسەن**

هەمیشە بە تاسووقەوە چیرۆکەکانی (توانا ئەمین) دەخوێنمەوە، نەک لەبەر ئەوەی خۆم چیرۆکان دەنووسم... نەخێر... ڕەنگە لەم چەند دێڕەدا پتر وەک خوێنەرێک کە بۆ هەمیشە شەیداییم بۆ ئەدەب لە هەقایەتی نەنکم و چیرۆکی چیرۆکنووسەکانی دونیاوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەوەی بۆ من گرنگە، توانا لاسایی کەس ناکاتەوە. ئاراگۆنی شاعیر دەڵێت "هەموومان لاساییکەرەوەین!" ئەوەیان لە هونەر و ئەدەبدا ڕەوایە، من لە ئەدەبی کوردیدا جاروبار لاساییکەرەوەم ناسیوەتەوە، جا لاسایی نووسەرانی بیانی بووبێت لە ڕۆژهەڵات یان نووسەرانی خۆمان، وەلێ توانا خاوەن پەنجەمۆری خۆیەتی، ئەو هەمیشە کەڵک لە ئەزموونە زۆر تایبەتییەکانی خۆی وەردەگرێت و دەقی ناوازەیان لێدەسازێنێت. بەتایبەتی ئەوەندەی هەستم پێکردبێت، گەشتەکانی ڕووە ولاتانی دیکە، ڕۆحێکی دیکەی پێبەخشیوە، کە کەم نووسەری کورد وا خێرا دەرەقەتی نووسینەوەی دێت.

گەر یەکێک لە مەرجەکانی ڕەسەن بوونی نووسەر؛ دووبارە نەکردنەوەی پێش خۆت بێت لە فۆرم و ناوەڕۆکدا کە هەموو ڕەگەزەکانی ئەدەبی داستانی دەگرێتەوە، گەر هێنانەدی زمان و کارەکتەر و تەواوی پایە و ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆک بە مەرجی تازەگەری و لە کۆن تێپەڕاندن خەسڵەتی سەرەکی ئەو ڕەسەنایەتییە بێت؛ ئەوە توانا بۆ من لە نەوەی نوێدا نووسەرێکی تازەگەرە. بە دونیایەکم دەناسێنێت کە من دەیبینم و هەستی پێ دەکەم، وەلێ هەرگیز بەر لەو چیرۆکانە نەمتوانیوە بەو شێوەیە بیبینم و وام لێ بکات لەسەریان بوەستم و ڕابمێنم.

چیرۆک و ڕۆمان کە بەشێکن لە ئەدەبی داستانی، بێ بوونی دوو پایە یان ئەستووندەگ دەڕمێن: کە ئەوانیش بوون یان پەخشکردنی مەعریفەتە بە مرۆڤ و کێشەکانی لەسەر زەمین، دووەمیان چێژە، چونکە پێشکەشکردنی هەر حەقیقەت و مەعریفەتێک بەبێ چێژ و ستاتیکا ئەو کارە لە خانەی ئەدەب و هونەر دەکاتە دەرەوە. لەم دەقانەدا و بگرە لە زۆربەی دەقەکانی دیکەی توانادا کە لەسەر لاپەڕەی هەفتەنامە و گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بینیومە، هەم هەرێمێکی تازەی بوونی خۆی و کەسانی دەوروبەری پێ ناساندووم، هەم چێژی داومەتێ.

جارجار گەمەکانی زمانیش وا دەیبات، کە من ناچارم دووبارە و سێ بارە بیخوێنمەوە تا لە نهێنی گەمەکانی تێبگەم. لە هەندێک لەو چیرۆکانەدا بە تایبەتی لە (ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا)دا زمان بە حوکمی پەرتبوونی ئەو هەموو شوێنانە لێرەوە بۆ ئەوێندەرێ بە تەواوی هەم وێڵم دەکەن و هەم ماندووم دەکەن.

بەگشتی، لە زۆربەی چیرۆکەکانی توانادا ڕۆحی پەرشوبڵاوی، خەسڵەتی یەکەمی هەموو چیرۆکەکانە و کار دەگاتە ئەوەی کە گرێچن و تانوپۆی چنراوی ناو دەقەکانیش لەگەڵ خۆیدا پەرتوبڵاو بکاتەوە. ڕەنگە بۆ چیرۆکی (ڕاپۆرتێک لە کوشتاندینا) ئەو فانتازیایە تەواو پابەست بێت بە پەرتبوون و ونبوونی مێژوویەک، کە بە هەق مێژووی ئێمەیە، خودی زەمەنیش لە ناو لاپەڕەکاندا ونە، زەمەنێک لە دەرەوە بوونی نییە، ئەویش پەیوەستە بە "مەنفی"بوونی نالی لە ناو شوێن و زەماندا، هەر بۆیە ئێمەش لە نێو لاپەڕەکان و مۆزەخانەکاندا ون دەبین، هەتا خودی هەقایەتخوان وەک نالی بێ سەروسەودا و گەڕیدەیە. ونبوونمان لە ناو ڕێکەوت و ڕۆژ و ساڵەکاندا دەمانگەیەنێت بە نامەی عەشق و سەرگەردانی و بگرە نامەی نەفرەتی، هەر هەموو ئەمانەش لەسەر ونبوونی نالی خۆی وەستاوە.

گەرچی مەراقمان وا گەورە دەکات کە بزانین چی دەقەومێت، بەڵام بۆ هەمیشە لە نێوان ئێمە و دەقەکاندا مەودایەک هەیە کە لە یەکدیمان دوور دەخاتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ ئەو تاکە پەیامە دەگەڕێین کە نووسەر تا کۆتایی لێمان دەشارێتەوە، بەڵام لە هەر هەموویاندا پەیامێکی تاقانە گەر بە من بگات؛ ماندووبوون و وێڵبوونی نووسەر و بگرە ژمارەیەکی زۆر و بێ شوماری گەنجانی نەوەکەی خۆیەتی. هەر بۆیە لای توانا؛ لە هەموو چیرۆکەکانیدا ڕاناوی (من) بەشی شێری هەیە کە دەگاتە ئاستی دانپێدانان کە پتر و پتر خۆ هەڵکۆڵینە تا گەیشتن بەو (غوربەت)ەی کە ڕیتمی سەرەکی چیرۆکەکان دەهاژوێت. خودی ئەو وێڵبوون و غوربەتە هەتا لە ناونیشانی زۆربەی چیرۆکەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

هیچ گومانی تێدا نییە نووسەر هەقی خۆیەتی کە کەڵک لە ئەزموونی خۆی وەربگرێت، ڕوانینەکانی لەتەک پاڵەوانەکانیدا، گەر توانا خۆی بێت یا کەسێکی دیکە، یەکدی بگرنەوە؛ وەک توخم، تەمەن، پەروەردە و ئاستی ڕۆشنبیری، تا دەگات بە بیروباوەڕەکانی و خوێندنەوەکانی، هەڵبەت وەک نووسەرێک هەقی خۆیەتی لە قۆناغی ئەزموونگەرییدا بێت. هەر ئەوەش پتر ئازادی دەکات چ فۆرم و چ ناوەڕۆکێک هەڵبژێرێت. هەر بۆیە بە مانا تەقلیدییەکەی ڕێز لە سەرەتا و گرێچن و کۆتایی ناگرێت، هەتا بۆ بوونی ململانێ و ناکۆکی لە ناوئاخنی ڕۆحی پاڵەواندایە؛ نەک لە بەرانبەر سروشت یان مرۆڤەکانی دیکەدا، گەرچی ململانێکە هەر دەوروبەر و ژینگە و مرۆکانی دیکە بۆیان دروست کردووە.

دەکرێت توانا وەک چیرۆکنووسێکی ئەزموونکار تەماشا بکرێت، ئەوەش نەنگی نییە، چونکە جار هەیە بۆ نووسەرێک کە دەیەها ساڵ دەنووسێت، کەچی لەو دۆخی ئەزموونگەرییەدا

گەمەکانی داهێنانی خۆی بەڕێوە دەبات. بۆ زۆربەی چیرۆکەکان ڕووداوێکی سێنتراڵ بوونی نییە، کە خزمەت بە تانوپۆ و گرێچنی چیرۆکەکانی بکات، پتر ڕاوکردنی دۆخێکی ناجێگیر و مەراقی پاڵەوانەکانە، کە شتی زۆر سادە و ڕۆژانەی لێ ئاڵۆز دەبێت و بێ ئەوەی خولیای ئەوەی هەبێت لە ناو تەنگژە دەروونی و ئاڵۆزییەکانی پاڵەوانەکان بەدوای چارەسەردا بگەڕێت. چونکە نووسەر نەک وەک گەمەی کۆتایی کراوەی چیرۆکی نوێ ئەو کارە دەکات، بەڵکو بڕوای وایە کە شتێک نییە ناوی چارەسەر و ڕزگاربوونی پاڵەوانەکان بێت بۆ دەرچوون لەو قەیرانە ڕۆحییانەی تێی کەوتوون. هەتا گەورەترین تراژیدیای براکوژی لە چیرۆکی (کچەی زستان)دا لە وەهمی حەزێکی زۆر هەرزەکارانەوە ڕوو دەدات، کە پتر لە وەهم و درۆ دەچێت، هەر بۆ خۆی دەقەکە ڕەهەندێکی تراژیکۆمیدیی وەرگرتووە، بەڵام بە درێژایی چیرۆکەکە کە پاڵەوان وا لەو دونیا و دەگێڕێتەوە، لە دانپێدانانێکی هەرزەیەک زیاتر نییە، کە بۆ خۆی گومانێکە لە گەورەترین تراژیدیای ناو ژیانی سیاسیی ئێمە.

لە ئێستادا کورتە چیرۆک یەک فۆرمی نییە، دەکرێت سکێچێکی تۆکمە و دامەزراو و فۆرمێک بێت. توانا پتر ڕووی لە سکێچە کە پتر لە ڕەشنووسی یەکەمی دەقەکە دەچێت و کە ڕۆحێکی کێوییانە و بەلەسە دەبەخشێت. لە دووسەد ساڵی ڕابوردوودا فۆرمی چیرۆک دەیەها ڕوخساری هەبوە، بۆ ئێمەش لە نیوەی سەدەی ڕابوردوودا هەمان فۆرم و ناوەرۆک و زمانی جیاوازمان ئەزموون کرد. توانا و نەوەکەی بۆ خۆیان عەوداڵی ئەو سەرکێشی و گەمەیەن، بە ڕۆح و ڕیتمی جیاوازەوە. لە هەموو چیرۆکەکانیدا تەواو دەست دەگرێتەوە هەتا بۆ دامەزراندنی ئەو تانوپۆ و گرێچنەی کە هەڵیدەبژێرێت، کەمترین خەسارەت دەدات. بەڵام چڕی و چوارچێوەی بەرتەسکی چیرۆکەکان بوارێکی کەمتری داوە بە دینامیکی کارەکتەر و پاڵەوانەکان؛ بەوەی کە (فلات) بن نەک کارەکتەری بازنەیی، بە واتا تاک ڕەهەندیی بن.

ئەمەیش کەمتر بوار دەدات گۆڕانێکی گەورە لە کردار و ڕۆحی پاڵەوانەکانی بگۆڕێت، واتا لەوەدا جیاوازن کە بێ ئۆقرەن، تەنها وێستاو و جێگیرن وەک باری ڕۆحی و دەروونی، کە ئەوەش بۆ هەمیشە بۆ چیرۆک دەست نادات، ئەگەرچی پتر لە ڕۆماندا چاوەڕێی گۆڕانکاری و دینامیکیەت دەسازێت.

زۆربەی پاڵەوانەکان دەجوڵێن، بەڵام کردارێک نییە بیکەن، گەر لە چیرۆکدا هەر پاڵەوانێک و کردارێک بەیەکەوە بەستراون، قەیرانی ئەو پاڵەوانە بێ ئۆقرانە ئەوەیە کە لە دوای کردار و ڕووداوێکەوە هاتوون، یان بەر لە کردار و ڕووداوەکان هاتوون، واتا لە مۆلەقدان. هەڵواسراون، ناجێگیرن، نە کاتەکان و نە شوێنەکان بۆ ئەو کارەکتەرانە ئەوەندە بەرجەستە نین تا تێیدا بسرەون، توانا زۆریش هەوڵ نادات شتەکان و کەسەکان و شوێنەکان ببینین، بەڵکو گەرەکیەتی هەستی پێبکەین.

## توانا ئەمین..
## نەوەی دووهەمی دوای ڕاپەڕین،
## شەڕێک لەگەڵ تارماییدا!



### کاروان عومەر کاکەسوور

(هەر نووسەرێک دونیای تایبەتیی خۆی هەیە کەم کەس هەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەمەی نەگوتبێت... بەڵام ئەو دونیایە لە کەیەکەوە دەستی پێکردوە و تاکەی درێژەی دەبێت؟ ئەمانە هەمان ئەو پرسیارانەن، کە هەمیشە لەبارەی دروستبوون و بەردەوامبوونی گەردوونەوە کراون و دەکرێن... بەڵام نووسین دروستکردنی دونیا نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی ئەم دونیایە. ئەمە باوەڕێکە پێم وایە لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنانەی ئەدەبی نووسەرانی نەوەی دووەمی دوای ڕاپەڕینەوە پێی دەگەین، کە (توانا ئەمین) یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی.

ئەم چیرۆکنووسە ئەوەندەی مەبەستیەتی دونیای خۆی وێران بکات، ئەوەندە لە هەوڵی دروستکردنی دونیادا نییە. ئەمەش پەیوەندی بەو فاکتە سۆسیۆلۆژییەوە هەیە، کە ئەم نەوەیە ئەزموونەکانی خۆی لە ناودا دامەزراندووە. دەبێ هەر لە سەرەتایشەوە بڵێین مەبەستمان لە (نەوە)، کۆی ئەو ناوانە نیین، کە لە سەردەمێکی دیاریکراو و لە ناو رووبەرێکی جۆگرافیی دیاریکراودا ئامادەن، بەڵکو ئەو تێڕوانینە زیاتر چۆنایەتی دەگرێتەوە، نەوەک چەندایەتی.

لە کۆنتێکستی پێوەندیی (من) بە (ئەوی دیکە)ەوە، دیالۆگ ڕووی لە ڕەگەزێکی دیارکراو و جۆگرافیایەکی دەستنیشانکراو نییە، بەڵکو ئاڕاستەیەکە بەرەو ڕەگەزی گریمانی و جۆگرافیای وەهمی. ئەمە بەگشتی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی نەوەی دووەمی دوای ڕاپەڕین، بۆیە نەوەکانی پێشوو، بە هۆی نەبوونی، یان لاوازیی ڕەخنەوە، کەمتر توانیویانە لە زمانی ئەم نەوەیە تێبگەن، بەوەی ماتریالی گێڕانەوە پێکهاتەیەکی جیاوازی لەگەڵ ماتریالی گێڕانەوەی نەوەکانی پێشوودا هەیە. ئەوە جیاوازیی پرۆبلیماتیکی پێوەندیی نێوان واقیع و هۆشە لەسەر هەردوو ئاستی هەستی و ئەقڵییەوە.

تێڕوانینی ئەم نەوەیە بۆ واقیع و وێنەکانی، تێڕوانینێکی جیاوازە و لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژییانەوە بە دەست هاتوە، کە لە نیوەی دووەمی نەوەدەکانەوە، لەناکاو و خێرا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەرکەوتن و درێژەیان هەیە. ناکرێت نەڵێین سەردەمی ئەم نەوەیە،

سەردەمی کۆتایی خەونی ئایدیۆلۆژیایە لە ناو کولتووری ئێمەدا. ئەم نەوەیە لە ناو عەدەمێکدا پێگەیشتووە و بیری کردۆتەوە، بۆیە بە مانا ستانداردەکەی پێشوو نە پەیامی هەبووە و نە ویستوویەتی پەیام بە سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە بگەیەنێت، بەڵکو ئاڕاستەکانی گەیاندنیش لای ئەم نەوەیە بەرەو عەدەمە. ئەم نەوەیە نەک مەبەستی نییە نووسین بکاتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە بەهاکان، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لە هەوڵی تێکشکاندنی هەموو ئەو بەهایانەدایە، یان بە مانا (ڤیبەر)ییەکەی خەمی گەورەی ئەم نەوەیە ڕزگاربوونە لە بەهاکان.

ئەم نەوەیە پێش ئەوەی لە ناو ئەو واقیعە نوێیەدا نیشتەجێ بێت و ئەزموونی بکات، لێی یاخی بووە. ئەگەر ئەم ئاڕاستەیە هەتا ئێستا بە ڕوونی دەرنەکەوتبێت، ئەوا پێشبینی ئەوە دەکەین لە ئاییندەدا چاکتر نیشانەکانی ببینین.

ئەگەر لە دیدی (ئیمیل دۆرکهایم)ەوە بڕوانین، کە پێی وایە زۆربەی مەیل (Tendency) و بۆچوونەکانمان دروستکراوی خۆمان نین، بەڵکو لە دەرەوەی خۆمانەوە بۆمان دێن.

ئەوا دەبینین ئەو واقیعە نوێیە چ لەسەر ئاستی کات و چ لەسەر ئاستی شوێندا کۆمەڵێک مەیل و بۆچوونی نوێی بەسەر ئەم نەوەیەدا سەپاندووە. ئەو واقیعەی (توانا ئەمین)یش وەکو هەندێک لە نووسەرانی دیکەی نەوەکەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و لە ڕێگەی زمانەوە سیماکانی نیشان دەدات، واقیعێکی گریمانییە، بەڵام وێنە ئۆرگیناڵەکانی لە ناو ئەو واقیعە نوێیەدا هەن، کە وەکو زووتر گوتم بەهۆی نەبوونی، یان لاوازیی ڕەخنەوە، ئەو وێنانە تا ڕادەیەکی زۆر لای نەوەکانی پێشوو شاراوەن، یاخود تەمومژاویین، چونکە پرۆسێسی فانتازیا گومکردن و سڕینەوەی ئێجگارەکیی وێنەکانی واقیع نییە، بەڵکو گۆڕینیانە لە ڕووی قەبارە و شێوە و جۆردا.

تێگەیشتن لە زمان و وێنە بەرهەمهێنراوەکانی ئەم نەوەیە بەندە بە تێگەیشتن لە کۆنتێکستی ئەو زمان و وێنانە لەم هەلومەرجە مێژووییە و لە ناو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کولتورییەدا، کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، بەوەی کۆنتێکستی کولتوور کاریگەریی گەورەی لە پێکهێنانی کۆدەکاندا هەیە و کردنەوەی ئەو کۆدانەش دیسان بەندە بە تێگەیشتن لەو کۆنتێکستە.

بە مانایەکی دیکە، ئەگەر تایبەتمەندیی نەوەکانی پێشوو بە حوکمی لەیەکچوونی کۆنتێکستی مێژوویی و جوگرافی و سۆسیۆلۆژیی نێوانیان، کەم و زۆر لە یەکتر دەچوون، ئەوا تایبەتمەندیی ئەم نەوەیە خاوەنی جیاوازییەکانی خۆیەتی. ئەگەر نووسین پرۆسێسی نووسینەوەی یادەوەری بێت بەپێی یاساکانی ناوەوەی خود خۆی، ئەوا یادەوەریی ئەم نەوەیە دەکەوێتە دەرەوەی کات و شوێنەوە، بۆیە داهێنانی زمانێک، کە بتوانێت گوزارشت لەم عەدەمە بکات، زەحمەتترە لە هەموو ئەو زمانانەی پێشوو، کە کەم و زۆر دەیانتوانی بە پاڵپشتی ئایدیۆلۆژیا گوازرشت لە واقیعی خۆیان بکەن.

ڕواری (العفوية_Spontaneous)، وەکو شێوەیەک لە شێوەکانی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کرۆنۆلۆژیای مێژوو، یەکێکە لە سیفەتەکانی بەرهەمی ئەم نەوەیە بەگشتی و لای (توانا ئەمین) بەتایبەتی، کە خۆی بە شێوازێکی دیاریکراوی دەربڕین و چەند وێنەیەکی چەسپاوەوە نابەستێتەوە.

ئەگەر هەتا ئێستا ئەم نەوەیە نەیتوانیبێت تێکستی گەورە بەرهەم بهێنێت، ئەوا هۆکارەکەی نەبوونی توانا نییە لای ئەم

نەوەیە، بەڵکو ئەو واقیعە توانایەکی گەورەتری لە واقیعەکانی پێش خۆی پێویستە، بۆ گواستنەوەی سیماکانی لە ئاستی جێگیرییەوە بۆ ئاستی جوڵە.

بە مانایەکی دیکە، بۆ گواستنەوەی دەرکەوتەکانی لەسەر ئاستی کات و شوێنی فیزیکییەوە بۆ کات و شوێنی میتافیزیکی. دیارە هەموو هونەرێک بەرهەمی ئەزموونە پێرسۆناڵییەکانی نووسەرە لە ناو کات و شوێندا، کە تەوزیفکردنی ئەو ئەزموونە بەندە بە توانای خەیاڵ و دەسەڵاتی زمانەوە.

کێشەی گەورە لە ناو ئەم واقیعە نوێیەدا پێوەندیی نێوان بینین و وێنەیە. لە ناو هەموو واقیعەکانی پێشوودا وێنەکان کەم و زۆر جێگیر و بەشێک بوون لە مرۆڤ خۆی، بەڵام لەم سەردەمە ئیلیکترۆنیکەدا وێنەکان خێرا و بگۆڕن، بە تەواوی لە دەرەوەی مرۆڤدان. ڕووکەشن و دوورن لە قووڵی، چونکە پابەندی پرۆسێسی سوودن و کار لەسەر تەممەڵکردنی خەیاڵ و ئەقڵ دەکەن. پێشتر لە گفتوگۆیەکدا گوتوومە، کە لەم سەردەمە ئێلیکترۆنیکەدا وێنەکان ڕۆڵی دووفاقیانە دەبینن، لە لایەک کار لەسەر ڕوونکردنەوەی واقیع دەکەن، بەوەی زۆر بە ئاسانی و میکانیکییانە ئەو زۆنە نەزانراوانە چ لە ناو خەیاڵ و چ لە ناو واقیعدا کەشف دەکەن، کە دەبوایە نووسەر لە ڕێگەی زمان و خەیاڵی خۆیەوە پێیان بگات و لە لایەکی دیکە نووسەر دەخەنە بەردەم پەلاو (تحدی_Challenge)ی گەورەترەوە.

بەوەی دەبێت تێکڕای ئەو وێنانە تێپەڕێنێت و وێنەی گەورەتر بەرهەم بهێنێت. هەموو ئەمانە کار لەسەر خێرایی کات دەکەن، کە من پێشتریش گوتوومە خێرایی ئەم سەردەمە چەندین جار لە خێرایی سەردەمەکانی پێشوو زیاترە.

دیارە ئەو خێراییەش لەژێر کاریگەریی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیدایە. وەکو (نۆئام چۆمسکی) باوەڕی وایە، (کات)یش بەشێکە لەو واقیعەی کە زمان دەیگوازێتەوە. لێرەوەیە شەڕی ئەم نەوەیە، شەڕێکە لەگەڵ تارماییدا.



## دیمانەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ توانا ئەمین

**فەرامۆشکردنی جەستە،**

**هیچی لە فەرامۆشکردنی ڕۆح کەمتر نییە!**

**توانا ئەمین لە گفتوگۆیەکی پەیام حازم-دا**

- **پەیام حازم، کچە ڕۆژنامەنووسێکی کوردە. بەکالۆریۆسی لە فەلسەفەدا هەیە.**

**پەیام حازم: دەمەوێت بەمە لە گەڵتدا دەست پێ بکەم؛ لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا دەڵێیت: "پێویستە مرۆڤ مەعریفەی مامەڵەکردن لەگەڵ تەنیایدا فێرببێت." سەرچاوەی ئەم مەعریفە لەکوێوەیە؟ پێت وانییە مرۆڤ بە سروشتی خۆی فێربووە و تەنها پێویستی بە ڕێکخستنەوە، یان وەبیرهاتنەوەی زانینەکانی هەیە؟**

توانا ئەمین: تەنیایی دۆخێکی ئەنتۆلۆژییە. پتر لەوەی تەنگەژەیەکی دەروونیی بێت، تەنگەژەیەکی ڕۆحییە. زیاتر لەوەی ڕیشەکانی لە نێو کۆمەڵگادا بێت، لە ناو کاراکتەرەکە خۆیدایە. باشترە لەوەی لە دەرەوە بەدوای هۆکارەکانیدا بگەڕێین؛ لە ناوەوە پرسیاری بکەین. لە چیرۆکی ئادەم و حەوادا، یەکەمین دۆخ کە دوای سەرسامیی، ئادەم ئەزموونیی دەکات، دۆخی تەنیاییە... وا دەزانم تەنیایی؛ ئەزەلیی و دروست نەکراوبێت، بڕوانە خودایش تەنیاییە! شتێکیش کە ئەزەلیی بوو -واتە سەرەتای نەبوو- چاوەڕیی ئەوەی لێناکرێ کۆتایی هەبێت. تەنیایی تۆ وەڵامی تۆیە بۆ گەردوون، جارێکیان نووسیبووم "ئەوانەی خۆشیان دەتەقێننەوە تەنیان! تۆ دەیکەی بە کاری هونەریی، بە ئەدەب، بە کتێب، ئەو دەیکات بە خۆتەقاندنەوە." تەنیایی واتە نەهاتنەوەی بوونێک لەگەڵ شوێنکاتێکدا، واتە ناتەبایی تۆ و دونیا.

ڕەنگە ئادەم بە هەستی تەنیایی بیەوێت بە زمانی حاڵ بڵێ؛ ئەم بوونە هی من نییە کە بۆی هاتووم! ئەها ئیتالیۆ کالڤینۆی چیرۆکنووس دەڵێ "ئینسان لە شوێنێکی هەڵەدا بەدوای خۆیدا دەگەڕێت!" مەعریفەی مامەڵەکردنی تەنیایی ئەوە نییە بچیت بۆ لای دکتۆری دەروونیی -ئەگەرچی لە هەندێ دۆخدا بۆ هەندێ کەس ئەوە پێویستە-، ئەوە نییە ژن بهێنیت، یان شوو بکەیت بەو هیوایەی ڕزگارت ببێت لە تەنیایی. ئەوەیش نییە بچیتە سەر ئیشێکی سەخت و بەردەوام کار بکەیت. ئەمانە هێورکەرەوەی کاتیین، ڕەنگە بۆ ماوەیەک هەستەکە سڕ بکەن، بەڵام دوایی ئێشەکە دێتەوە و لە پێشووتریش زیاتر ئازارت دەدات... نازانم پێت بڵێم چارەسەرەکەی چییە، تەنیایی چارەسەریی نییە، شتێکە وەک مۆری سزایەک بە ملی بەنی ئادەمەوە.

باشترین شت لەبری ئەوەی لێی ڕابکەیت، خۆتی لێ بدزیتەوە؛ ئەوەیە ببیت بە دۆستی، ئاسایی وەریبگریت و ژیانی خۆت درێژە پێ بدەی. ئەو بەشەی خۆتت خۆشبوێت و وەک پارچەیەکی نامۆ بەخۆتەوە لێی نەڕوانی، ئەوە بە گشتی. لەسەر ئاستی شەخسیی؛ بۆ من تەنیایی دوای زەحمەتی

هێجگار زۆر؛ جۆرێک بوو لە ڕووناکبوونەوە. من هەمیشە مرۆڤێکی تەنیابووم، بەڵام هەمیشەیش دەمشاردەوە، یەکەم نیشانەی ناسینەوەی تەنیایی؛ بێدەنگیی و کەمدووییە، وەک ئەوەی مرۆڤمان لە قسەکرد -لە بەهێزتری هۆکاری پەیوندی نێوان ئینسانەکان- بگرێت. تۆ دەزانی لە کلتوری ئێمەدا خەڵکی گۆشەگیر و بێدەنگ و شەرمن، لەلایەن کەسانێکی ترەوە لەبری ئەوەی جێگای ڕێزبن، جێگای سەرنج و ناوناتۆرەن، تەنانەت هەندێ جار لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەی خۆشیانەوە دووچاری ئەم دەستدرێژییە ڕۆحییە دەبن، لەبەر ئەوەی ئەوانی تر نازانن تەنیایی چییە؟

ناحەقیشیان نییە چونکە ئەگەرچی هەستەکە لە هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام چۆنێتی و چەندێتی و ليڤڵەکەی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، ئەوانەی زۆر تەنیان، ژمارەیەکی زۆری خەڵک نین... لە کۆتاییدا لە مرۆڤی تەنیا دوو شت چاوەڕێ دەکرێ؛ داهێنانی گەورە، یان خاپوورکردنی گەورە... مێژوو بخوێنەرەوە هەموو جەلاد و پیاوکوژەکانی دونیا تەنیابوون، هەروەک چۆن هەموو داهێنەرە مەزنەکانیش تەنیابوون!

**پەیام حازم: هەست دەکەم پرسیارەکەم بە ئاراستەیەکدا ڕۆشتبێت کە دۆخی تەنیای ڕەت بکەمەوە، عاشق بەتەنیایم و پێویستیشم پێیەتی، نامەوێیت شتیک بڵێم پێچەوانەی بیری خۆم بێیت، بەڵام هەندێ جار دەبێت پرسیارێک بکەم تەنها لەدونیابینی خۆمەوە نەبێت، دەمەوێت وەڵامێک بێت بۆخوێنەرێک کە ڕەنگە بۆی گرنگ بێت، ئەو مەعریفەی لە دۆخی تەنیای بەدەستی دەهێینین زۆر زیاترە لە دۆخەکانی تر، کەچی بەدوای دەربازبووندا دەگەڕێین لێی، سەیرە!! ئەمە ڕانەگرتنی بالآنس نییە لە نێوان تەنیایی و قەرەباڵغییدا؟ تەنیایی و بێدەنگی جوانییەکی ئەبەدیین، ئەها ئۆشۆ دەڵێت: "هیچ مۆسیقایەک هێندەی بێدەنگی ئاوازی تێدا نییە."**

توانا ئەمین: من ئۆشۆ ناخوێنمەوە، وەکو ئەویش سەیری ژیان ناکەم کە تەنها چێژ و سێکس و سەمابێت. بەڵێ لەگەڵ ئەو بەشەی پرسیارەکەتدام کە لە تەنیاییەوە دەتوانین مەعریفە هەڵهێنجین، بەڵام ئەمانە مەعریفەی ڕۆحیین، مەعریفەی ئەزموونیی نین، شتێک وەک کەشفو شهود... ئینسانی نوێ قەرەباڵغە، لە سترێسی بەردەوامدا دەژی، کەچی هەمیشە بۆشاییەک لە نێویدا هەیە، ڕاهاتووە بەکۆگەل بژی و بیربکاتەوە. لە ڕاستیدا بەگومانم لەم ڕستەیەدا وشەی (بیرکردنەوە!) گونجاو بێت، چونکە بیر ناکاتەوە، تەنها ژاوەژاوێک لە مێشکیدا دروست دەکات، لەوەی چۆن دەوڵەمەندتر ببێت، چۆن دەستی بگات بەو شتانەی لە خەیاڵیدان، چۆن پەل بهاوێ بۆ دونیا... ئەمەش بیرکردنەوە نییە، ئەوەندەی ڤێرژنە سەرەتایی و غەریزەییەکەی حەیوانە. تا ئێرا زەحمەتە ناوی ئینسان لەسەر بەشی هەرە زۆری دووپێی نوێ دابنێین... هەر مرۆڤێک کاتێکی وەرنەگرت بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بێت، لای من لە تێستی مرۆڤبوون دەرنەچووە. ئینسانی تازە لە تەنیایی دەترسێ، سەری دەسووڕمێ ئەگەر پێی بڵێی تۆزێک بە بێدەنگی دابنیشە و بچۆرە ناوخۆت؛ بزانە تۆ هەر دوو دەست و دوو قاچ و سەرێکیت و ئوکسجین سەرف دەکەیت؟ یان شتێکی زیاتر لەمەیت...؟ خەڵک لەم جۆرە پرسیارانە و لە چوونەوە ناوخۆیان دەترسن.

**پەیام حازم: لە ژوولیاو مەولانادا دەڵێی "مرۆڤ عەجەلەیەتی...." من لێت دەپرسم حەق نییە عەجەلەمان بێت؟**

توانا ئەمین: ئەو دێڕە لە کەشی چیرۆکەکەدا تەبا و جوانە، هەر دەبێ لەو کەشەیشدا بخوێنرێتەوە. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە بەشێکی حەق لای ئەوانەیش هەیە کە پەلەیانە؛ کاتی خودا بێ نەهایەتە، کاتی ئێمە زۆر زۆر کورتە، شتێ نییە بە کاتی خودا پێوانە بکرێ -ئەگەرچی خودا دەرەکاتە- حەقناسی ئەوەیە؛ پەلەپەلی ئێمە لەگەڵ ئەبەدییەتی خودا بەراورد نەکرێ، لەم بابەتەدا هەندێجار مرۆڤ لەسەر حەقە.

**پەیام حازم: پێکەوەبوونی ژن و پیاو و بەستنی پەیوەندییە سۆزدارییەکان و تەنانەت هاوسەرگیرییش؛ ترس نییە لە تەنیایی؟ گەر بەڵێ، کەواتە پێت وانییە پێکەوەبوون دەبێتە پرۆسەیەکی بەرژەوەندی خوازانە؟**

توانا ئەمین: بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە باشترە بزانین (بەرژەوەندی) چییە؟ بەرژەوەندی چالاکییەکە کە لە سودی کەسێ یان لایەنێک بکەوێتەوە لە کاتێکی دیاریکراودا. بەم پێناسە خێرا و سەرپێیە؛ بەڵێ پەیوەندی ئینسان لەگەڵ یەکدی بەرژەوەندیخوازانەیە. لێ لە ژیانی ژن و مێردایەتی یان پەیوەندی سۆزدارییدا بەرژەوەندییەکە دوو سەرەیە، واتا چەمکی بەرژەوەندیی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.. ئەوەی هەیە لە سودی دوو کەسەکەیە و ئەم سودەش تا ئەو شوێنە بڕدەکات کە باوەڕیان پێیەتی..

**پەیام حازم: هەست ناکەی ئەمە شەرعییەت دانە بە تەنیایی؟ دەکرێت بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر خۆگونجاندن لەگەڵ تەنیایی دروستە، ڕەنگە زۆربەمان ئەمە بڵێین. بەڵام پراکتیکەکەی ئەگەرچی مەحاڵ نییە کەچی ئاسانیش نییە. پرسیارەکەم ئەوە نییە چۆن بیکەین بە کردار، چونکە ئەوە کاری خودی تاکە، بەڵام خۆ دەکریت وەسیلەی بە کرداربوونی هەبێت و گشتیش بێت و بخرێتە بەر باس، مەگەر نا؟**

توانا ئەمین: تەنیایی لەسەر ئینسان نەوەستاوە شەرعیەتی بداتێ، ئەو هەیە و لێرەیە. گونجان لەگەڵ تەنیایی کەوتۆتە سەر ئەوەی کێ لە کوێدا تەنیاییە؟ چارەسەرێکی سیحریم پێ شک نایە، ئەوەی کە هەیە جۆرێکە لە سازشکردن لەگەڵ ئەم دۆخە ڕۆحییە... بێگومان من مەلا و قەشە و حاخام نیم، بە خەڵک بڵێم چی بکات و چی نەکات باشە! دەبێ بڵێم کە ناتوانم و ڕێ بەخۆم نادەم چۆنیەتی گونجان لەگەڵ تەنیایی -کە لە ڕاستیدا چۆنیەتی جۆری ژیانە- بۆ خەڵک دیاری بکەم، ئەمە شتێکە دەبێ خۆت بیکەیت... بەڵام خۆت کێیت؟

خۆت واتە هۆشیاری ناو تۆ، هۆشیاری تۆ، واتە کۆی ئەو ئەزموون و شکست و سەرکەوتنانەی تۆ لە ژیانی خۆتدا کەڵەکەت کردووە... لێ بە حورمەتی پرسیارەکەت کە ئاراستەی من کراوە و چاوەڕێی جوابی، وەڵامێکی بچووکت بۆ دەنووسم؛ نیگەرانیی ناو تەنیایی، کە درێژەی کێشا کوشندەیە. کە دەردەکە کاریی بوو؛ بەتەنها مۆسیقا و خوێندنەوەی کتێب و سەیری فیلم، چاری ناکات. من بۆ خۆم ڕۆژێ لەڕۆژان لەم دۆخە دژوارەدا ژیاوم.

دۆستی خۆشەویست، هەوڵبدە ژیانت بگۆڕە... ئەگەر ناتوانی؛ شوێنی ژیانت بگۆڕە -لەڕاستیدا لای من مرۆڤ پتر لەوەی لە کاتدا بژی، لە شوێندا نیشتەجێیە، شوێن هەر پێشمەرجێکی ئەنتۆلۆژیی مرۆڤ نییە، پێشمەرجی بەختەوەریشێتی-!
ئەگەر ناتوانی ژیانت و شوێنەکەیشت بگۆڕی؛ نیگات بۆ ژیان و بۆ شوێنەکەت بگۆڕە، چونکە زۆرجار ئەوەی دەگوزەرێ ئەسڵێ شتەکان نین، نیگای ئێمەن بۆ شتەکان...

ئەگەر نیگاتت پێ ناگۆڕێ، چالاکییە جەستەییەکانت بگۆڕە؛ چونکە مرۆڤ پتر لەوەی ڕۆحێکی بەتاڵ، تارماییەکی سوکباڵ بێت، جەستەشە... جەستە بەقەد ڕۆح گرنگە، فەرامۆشکردنی جەستە هیچی لە فەرامۆشکردنی ڕۆح کەمتر نییە... جەستەی من و تۆ یەکەیەکی ئۆرگانیی ئاڵۆزە، کۆمەڵێ هۆرمۆن و ڕژێنە پێکەوە. لەبیرت بێت؛ کرژبوونی ئەندامەکانی جەستەت دەتوانێ گرژبوونی لۆچی دەروونیشت بێت، کە وەرزش دەتوانێ یارمەتیت بدات و دەستکاری ئەمانەت بۆ بکات.

ئەگەر ناتوانی وەرزش بکەی؛ بچۆ یۆگا بکە. لە یۆگادا دەچیتەوە ناو خۆت؛ خۆت و گەردوون و خەڵکیش لەیەک بۆتەدا هەست پێ دەکەیت. یۆگا دەرمانی دێرین و هاوچەرخی دژەخەمگینییە، جگە لەوەی ڕێگای خۆناسیشە... ئەگەر هەر هیچی ئەمانەت بۆ نەکرا، بچۆ ببە بە ئیماندارێکی باش، بە موسڵمان، بە مەسیحی، بە جولەکە، بە بودیی... بە هەر ئاینێک کە دڵت دەیەوێ ببە. لە دینداریدا ئەو هەستەت لەلا دروست دەبێ کە ئێمە و ئەم گەردوونەیش لەخۆڕا و بێئامانج دروست نەبووین. هەر ئەوەندەی ئامانجیش هاتە گۆڕێ؛ ئیدی خەمگینیی ڕادەکات، بێتاقەتی هەڵدێ و نیگەرانی دەڕەوێتەوە... هەرچییەکیان هەڵدەبژێری هەڵیبژێرە، گرنگ ئەوەیە ژیان بە شتێکی کەم و ناچیز مەگرە... چونکە ئێمە تەنها ئەومان هەیە!

**سەرچاوەکان:**


نامەیەکی بەڕێز توانا ئەمین سەبارەت بە ژیان و کارنامەی خۆی.

باسێکی بەڕێز ئاڤان موحەممەد سەبارەت بە توانا ئەمین.


## کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێداچوونەوەی

## دێرین کەمال چاوشین

## ئەحمەد ستار

# ئەدەب - گێڕانەوە



## نزا و نهێنی

ئەو کاتانەم زۆر لەلا جوانە، کە مرۆڤ بێ هیچ گومانێک ڕێک دەزانێت گەیشتن بە خەونێک، لە دڵیدا چەکەرەی کردووە و، وەکو گوڵێ لەنێو باخی دەروونیدا چرۆی کردووە مەحاڵە، بەڵام هێشتا هەر هێندەی تۆزقاڵێ لە گەردی نێو هەوادا ئومێدێکی لەدڵدا ماوە و هەر نزا دەکات بەو ئومێدەی کە ئەو خەونەی بێتەدی. خەونەکان جوانن... هیوا بە مرۆڤ دەبەخشن، وا لە مرۆڤ دەکەن چرکە بە چرکە بۆ ئەو خەونەی بژێت و هەوڵی ئەوە بدات کە لەژیاندا بەدی بهێنێت. من لە مەسەلەی خەوندا خۆم وەکو منالێکی زۆر بچکۆلە دێتە پێشچاو، واز ناهێنم تاوەکو ئەو خەونەم بەدی دەهێنم، هەرچەندە مەحاڵیش بێ هاتنەدی... ئەها منالّ واز لە کردنی کارێ ناهێنێ ئەگەر بیەوێت هەرچەندە قورسیش بێت بەگوێرەی تەمەنی. منیش هەروام، منالّ لە سەرەتای ڕۆیشتنیدا کاتێ کە چەند هەنگاوێک دەڕوات بەرێگادا دەکەوێت، بەڵام کۆڵ نادات و، دووبار هەڵدەستێتەوەو دووبارە لەهەوڵی فێرکردنی خۆیدا دەبێت تا بەتەواوی و ڕۆژ بە ڕۆژ فێری ڕۆیشتن دەبێت. نایشارمەوە لێتان خەونەکان هەروەکو خۆرێکی درەوشاوە وان ژیانت، هەرچەندە تاریک بێت ڕوناکی دەکەنەوە، هەروەکو ئەو خەونە منالانەیەی ناو قولاییی دڵی من کە ژیانمی ڕوناک کردووەتەوە و، هەموو ڕۆژێک نزای هاتنەدیی بۆ دەکەم و بە نهێنیی هێشتوومەتەوە و هێندە ئەو خەونەی خۆم خۆشدەوێت، تەنانەت لە کاتی نزاکردندا هێندە بە قوڵی نزای هاتنەدیی بۆ دەکەم؛ جاری وا هەیە فرمێسک لە چاوانمدا دێتە خوار و دڵم پڕ دەبێت... تەنانەت جاری وا هەیە هێندە بیری لێ دەکەمەوە؛ وای لێ هاتووە ئەو خەونەم ئەو کاتانە هاتووەتەدی کە خەو بردوومیەتەوە. هاتم بۆتان بنووسم کە ئەو خەونەم چییە و بۆتانی بگێڕمەوە لەم چەند دێڕەدا بەڵام قەڵەمەکەم وتی: "خانمی نووسەر ئەوە چی دەنووسیت؟ ئەی نازانی کە دەبێت خەونەکان بە نهێنیی بهێڵیتەوە تاوەکو دێنەدی..." منیش نەمنووسی و سڕیمەوە، چونکە ئەگەر بینووسمەوە نایەتەدی چونکە پێویستە خەونەکانی ناو دڵ و مێشکمان نهێنی بن و بە نهێنیی نزای هاتنەدییان بۆ بکەین. ئەی نازانن کە (توانا ئەمین)ی نووسەر لە (کتێبی مرواریی تاقانە)دا دەڵێت: "ئەوەی نهێنیی نەبێت لە دوو حاڵ بەدەر نییە، یان مردووە یان لەدایک نەبووە." کەواتە با ئەم باسەی منیش دەربارەی خەونەکەم نهێنی بێت... کە هاتەدی؛ خۆم وەکو نووسەری ئەم دێڕانە بۆتانی دەگێڕمەوە لە چەند دێڕێکی تردا، بۆ ئەوەی بزانن کە نزا و نهێنی، وەکو دوو کرداری موعجیزەئاسا هۆکارە بۆ هاتنەدیی خەونەکانتان. تۆش وەکو خوێنەری ئەم دێڕانە ئەگەر خەونێکت

هەیە بۆی بژی، لە قوڵاییی دڵتەوە هەڵی بگرەوە، نازی بێ پایانی پێ ببەخشە، هەروەکو خۆشەویستیی دایکێ بۆ کۆرپەکەی ئەوجا دەزانیت کە بەدڵنیاییییەوە دێتە دی، بەڵام تکایە با نهێنی بن...!



# گەنج

ـ: لەگەلم وەرە با بچین، ئارەزووی خواردنەوەی قاوەیەکی بێشەکر دەکەم تاڵتاڵ بێ وەک ژیانم.

ـ: نا تۆ برۆ هاوڕێ من دەبێ بە قوربەسەریم رابگەم، وەک تۆ پەرۆشی ساتێکی ئارامیم بەڵام.

ـ: بەڵامی چی خۆ منیش بۆ جەوگۆڕین ناچم. دەمەوێ بۆ ساتێ دوانامەی خۆشەویستەکەم لەبیر کەم، کە بۆی نووسیوم. ئێمە ڕێگامان جودایە و هەرکەس بە ڕێی خۆیدا...

دڵم لای دایکمە، پێی گوتم خۆت بگۆڕە بەڵام سەیرم کرد بەو هەموو چڵکنی و کۆنییەوە ئەوانەم باشترن لەوانی تر.

پەرۆشی باوکمم دوای گەرانەوەی لە کرێکاریی بە هیلاکیی دێتەوە ماڵێکی ساردوسر.

ئاییییی هاوڕێ تۆ سەیری ئەو ڕۆژگارە، بەو تەمەنەوە خەم و حەسرەت وەها خەفەی کردووین؛ سەمای حەز و خولیا و ڕێی گەیشتن بە ئاواتەکانمان هەر نازانین! هیچ حەوسەڵەی ئەو ژیانەم نەماوە هاوڕێ، گەلێک جار خەیاڵەکان لاڕێم دەکەن.

-:- ئەوە گفتوگۆی هەزاران گەنجی وەک خۆم ئاسای وڵاتەکەمە کە بە دەردەدڵ دەست پێ دەکات!

دەزانم ورد و درشتی کۆمەڵگا کەسەرباره، هەر کەس بە دەردێکەوە ئازار دەچێژێ.

بەداخەوە نیشتیمانەکەم بەشمەینەتە و، لە هەموولایەکەوە دەرد و بەڵا و نەهامەتی دەمیان ناوەتە هەناوی... نازانی خۆت لەچی هەڵاوێری؟!

بەڵام من لە ژیانی خۆمەوە باسی هاوتەمەنەکانم دەکەم، کە لەو تەمەنە دەبێ لێبڕاو بیت لە هەموو پێداویستییەکانت، بۆ ئەوەی خواستەکانت پەل بهاوێژن بەرەو ئامانجەکان و وەدی هێنانی خەونەکانت. لە ڕووی ماددی و مەعنەویی، هێزێک هەبێت بتبزوێنێ و دەستێکی لێزان ڕێنووێنیت بکات، ئەزموونداریێک بەرچاوت ڕۆشن بکات و فێری وانەکانی ژیانت بکات.

وره و هێز بخاتە جومگەکانی باوەربەخۆبوون و گوێنەدان بە پێشهاتەکان.، فێرت بکات شکستەکانت ببن بە وانە و سەرکەوتنەکان بە گەورەیی. دەکرێ هیچ یەکێ لەمانەت نەبێت و خۆڕسکانە دروست ببی، چونکە بەهرەمەندی زکماک و بۆ ماوە نییە، بەڵکو بەرهەمی هەوڵ و کۆشش و کۆڵنەدان لە شکستەکانە، زادەی خەیاڵی ئومێدبەخشە و شەونخونی و خۆبەخشین لە پێناو بەڕاستیکردنیان.

دیسان دەڵێم بە داخەوە بۆ ئێمەومانان، ئەگەرچی لەوانەی باسم کردن نین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیان بەربەست و دەستی زبر هەن بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتن و گوشینی دڵی تەڕی

گەنجانەمان، بۆ شکاندنی پەیژەی بەرەو دوندی هیوا و، خامۆشکردنی چرای ئارەزووەکان. بۆ ئاڵۆزکردنی خەیاڵەکان و لەگۆڕنانی خەونەکان... بۆ پێوەندکردنی دەست و پێ و بێبەشکردنت لە ماف. بۆ هاڕینی کەللەی سەر و هەڵگێرانەوەی بیری گەشت بۆ تاریکی. بۆ داماڵینی ئازادی و بە کۆیلەکردن. بۆ کپکردنەوەی هاواری ناخ و لە خاچدانی هەست. بۆ شوشتنەوەی دەماغ و لێستاندنەوەی خودی خۆت. بۆ سوککردنی ژیان و قێزبوونەیەوە لە بەشەرییەت، ئیتر بۆیە خۆڕسکییش واتا خۆکوشتن.

بە جۆرێ نائومێدت دەکەن لە ژیان ئەهریمەن ڕێنووێنیت دەکا بۆ دەیان کاری نەشیاو. نیشتیمانت لێ دەکەن بە زڕدایک. خاک و خۆڵی دەکەن بە تاعون، هەتا بۆ سەلامەتی گیانت هەرچی زووە سەر هەڵگری و دوور لە زێد و سۆزی دایک غوربەت بەماڵی ئارامی و ژیانی تەنیایی و بەردەستی بە شیاو بزانی. ئیتر منێکی سەڵت و بێ ئەرک ئاوا وێران بم، دەبێ باوکێکی وەک باوکم کە ڕەشەخێزانێکی بە ملەوەیە، کە چۆن دەستی نابێت بینە قاقای؟! دایکێکی خاوەن چەند هەتیو و بێ سەردار و بێ دەستگیرۆیی دەبێ چ هەناسە ساردێک بێ؟ ئەو هەموو هەزارە مناڵەی لە بێنازیی دەیان شەو بە فرمێسکەوە دەخەون، دەبێ بە چ ئومێدێکەوە گەورەبن؟!!

**سەلیم عوسمان**

# دەروونزانی



## هەناسەدانی قووڵی درووست (دەستکرد)

هەناسەدانی قووڵی درووست (دەستکرد)

توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە زیاتر 75% لەسەدای [$CO_2$] لە لەشماندا دەمێنێتەوە!

"هەر هەناسەیەک کە دەچێتە ناوەوە، ژیان بەردەوام دەکا، کاتێکیش کە دێتە دەر دەبێتە هۆی شادیی زاتی (خودی)

سەعدی شیرازی"

ئاشکرایە جەنجاڵی و سەرقاڵیی مێشکی مرۆڤ، لە سەردەمی ئێستادا بەشێوەیەکی زۆر زیادی کردووە، بە جۆرێکە کە کاتی کەمی هەیە بۆ دەوروبەرەکەی چ جای گرنگیدان بە تەندرووستیی جەستەیی یا دەروونی و عەقڵی، بۆ چارەکردنی. ئەمەش مرۆڤ پێویستی بە دانانی کاتێکە بۆ خۆی لەم کاتانەشدا تەکنیکەکانی ڕاهێنانی هەناسەدانی دەستکرد (درووستکراو) سوودێکی زۆری پێ دەگەیەنن؛

شایەنی گرنگییە ڕاهێنانەکانی هەناسەدان گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە لە کەمکردنەوەی فشار و دڵەڕاوکێ هەروەها کەمکردنەوەی تێکچوون و کەمی خەو و بێتاقەتی و هتد...

لەمانەش/

ڕاهێنانی هەناسەدانی قووڵ:

ڕاهێانی هەناسەدانی درووست8_7_4

ڕاهێنانی هەناسەدانی قوڵ

ڕاهێنانی هەناسەدانی 3-4

پڕاناپاما

هەروەها چەندین تەکنیک و شێوازی هەناسەدانی تر، کە ناکرێ لەکۆی ئەم نووسینەدا جێگای بکەینەوە.

سەرەتا پێش ئەوەی باسی یەکەبەیەکەی تەکنیکەکان بکەین، گرنگە خوێنەر بزانێ کە کامەیە شێوازی هەناسەدانی درووست و گرنگیی چییە؟!

دەروونناسی بەناوبانگ (لوئیز هی) کتێبێک بە ناوی "چارەسەری ژیان" دەنووسێت...

((زەخمی مەعیدە و بەردی گورچیلە، کاردانەوەی توڕەیین، بە پێچەوانەشەوە هەناسەدانی قوڵ و ئارام دەبێتە هۆی کرانەوە و ئارامبوونی ماسوولکەکان.))

لێرەدا وتەکەی دکتۆر پشتراستی گرنگیی هەناسەدانی قوڵ و دەستکرد دەکاتەوە لە ژیانی ڕۆژانەمان،

ئێمە بۆ ئەوەی سیەکانمان پاک بێتەوە لە دوانۆئۆکسیدی کاربۆن و گۆڕینی بە ئۆکسجین، سرووشتییانە بە هەناسەدانی (الاشعوری) ئەنجام دەدرێ، بەڵام وەک لەسەرەتاشدا ئاماژەمان پێدا کە توێژینەوەکان دەری دەخەن


که زیاتر له75٪ی لەناو لەشدا دەمێنێتەوە؛ ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێک هۆکار بەتایبەت لەبەرکردنی جلی تەسک و هەڵنەمژینی هەوای پاک...
هەروەها بۆ پاکبوونەوەی ئەو [co2] کە لە سەردەمانی پێشودا بە ژەهر ناویان بردووە، پێویستمان بە ڕاهێنانەکانی هەناسەدانی دەستکرد دەبێ لەگەڵ پەیڕەوکردنی ڕێنماییەکانی تر.
لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش (چۆن بتوانین ئەو ڕاهێنانانە بکەین؟)
سەرەتا پێش ئەوەی باسی ڕاهێنانەکان بکەین پێویستە بزانین ڕێکارەکانی سەرەتا چین بۆ ئەنجامدانی تەکنیک و ڕاهێنانەکان.
سروشت یاخوود جێگایەک کە هەوای پاک هەڵبمژین.
جلوبەرگێکی تەنک و ناتەسک.
دانیشتن بەڕێکی، پشتت ڕێک بێ.
میوزیکێک یان ئارامکەرەوەیەک پێشتر بەکار بهێنین.
وەرگرتنی هەناسە بە لووت و دانەوەی بە دەم یا بە لووت.
وەرگرتنی هەناسە بە ئارامی و هێواشی دانەوەی هەناسە خێراتر لە وەرگرتنی
هەناسە ئەبێ سییەکان و سک پڕ بکا و قووڵ بێ، لە کاتی دانەوەی هەناسەکەش وەک دەرکردنی دەنگی(حێ) بدەیتەوە.
پشوودان بۆ ماوەیەک.
ئەم ڕاهێنانانە وا باشترە بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێن.
لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین، کە ئەم ڕاهێنانانە سوودی هەیە بۆ زۆربەی چین و توێژەکان چ لە فەرمانبەر و مامۆستا و قوتابی، بە تایبەت بۆ بەهێزکردنی یادگە و کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێی تاقیکردنەوە و خەوێکی ئارام.
"لە بەشی 2 دا باسی چەند تەکنیک و ڕاهێنانی هەناسەدان دەکەین"


**سەرچاوەکان:**

book،yoga darshan
https://youtu.be/y3LUlag7W1s
Attention for student succes ,book
https://www.healthline.com/medical-team
https://youtu.be/YRPh_GaiL8s



ڕێکان عبدالرحمان قادر



## کاریگەریی تەماشاکردنی فیلمکارتۆن لەسەر ڕەفتاری منداڵان

لە ڕووی زانستییەوە؛ گونجاو نییە منداڵ تا نەگاتە تەمەنی دوو ساڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بەکار بهێنێت. بێگومان پاش گەیشتنی بەو تەمەنەش ئەبێ لە ژێر چاودێریی چڕی دایک و باوکیدا بێت. جا فیلمکارتۆنەکان بەشێکی زۆر لە فکری منداڵان و بگرە بەشێک لە گەورەکانیشی داگیر کردووە و، دەبێت بەر لە هەموو شتێک دایک و باوک زۆر بە وریاییەوە چاودێریی ئەو فیلمکارتۆنانە بکەن کە منداڵەکانیان تەماشای ئەکەن، چونکە لە یەکێک لەو تاقیکردنەوانەی کە (باندۆرا) ئەنجامی دا و ناوی نا: ((تیۆری فێربوون بە سەرنجدان)) ئەوەی سەلماند کە هیچ شتێک هێندەی "فیلم کارتۆن" کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری منداڵان نییە.

تاقیکردنەوەکەی بەم شێوەیە بوو:

پێنج گرووپی لە منداڵ پێک هێنا:

گرووپی یەکەم: بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پیاوێکی شەڕخوازیان بینی کە بە شەق و زللە و وشەی نەشیاو هێرشی دەکردە سەر بوکەڵەیەک.

گرووپی دووەم: هەمان دیمەنیان بینی بەڵام ئەم جارە لە ڕێگەی فیلم.

گرووپی سێیەم: ئەمجارەش هەمان دیمەن بەڵام بە فیلمکارتۆن.

گرووپی چوارەم: ئەم گرووپە هیچ دیمەنێکیان نیشان نەدان، تەنها وەک گرووپێکی ئاسایی دایاننان بۆ تاقیکردنەوەکە.

گرووپی پێنجەم: ئەم گرووپە تەماشای فیلمێکی کۆمیدی و ئاشتیخوازییان کرد.

دوای ئەم کارە هەر یەک لە گرووپەکان لە ژوورێکی تایبەت دانران و بە نهێنیی چاودێری دەکران، بینیان کە لە ئەنجامدا هەر گرووپە بە ڕێژەیەکی جیاواز ڕەفتاری شەڕانگێزی و توندوتیژییان دەنواند، کە بەم شێوەیە بوو:

گرووپی یەکەم: ١٨٣ ڕەفتاری شەڕانگێزی.

گرووپی دووەم: ٩٢ ڕەفتاری شەڕانگێزی.


گرووپی سێیەم: ١٩٨ ڕەفتاری شەڕانگێزی.

گروپی چوارەم: ٥٢ ڕەفتاری شەڕانگێزی.
گروپی پێنجەم: ٤٢ ڕەفتاری شەڕانگێزی.
کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو منداڵانەی لە ڕێگەی فیلم کارتۆنەوە دیمەنەکەیان بینیوە، زۆرترین کاریگەریی لەسەریان هەبووە تەنانەت بەراورد بە دیمەنە ڕاستەوخۆکەش!
ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە منداڵ بە ڕێژەیەکی زۆر بیرکردنەوەکانی تێکەڵ بە فیلمکارتۆنەکان ئەبێت و ئەو جیهانە بە جیهانی ڕاستیی خۆی دەزانێ و، گەر بێت و بە پێی کات زیاتر تێکەڵاوی و سەرنجدانی بۆی هەبێ بێگومان کاریگەرییشی زیاتر ئەبێت لە ڕووی ڕەفتار و گوفتاریشەوە.
بۆیە زۆر گرنگە دایک و باوک زۆر بە سەرنجەوە ئەو فیلم کارتۆنانە هەڵبژێرن بۆ منداڵەکانیان کە بیرۆکە و ڕەفتار و گوفتاری گونجاو و بەسوود و بەجێی تێدایە، تا ئەنجامی پەروەردە و ماندووبوونەکانیان بە چەند دیمەنێک و چەند بیرۆکەیەکی نەگونجاوی فیلمکارتۆنەکان پوچەڵ نەبێتەوە.

**لێوان ئاسۆس سەدیق**

# سەکۆی هزر

## گۆڤارێکی ڕۆشنبیری هزری و ئەدەبییە




سەکۆی هزر

گۆڤاری ئەلیکترۆنی